
# ڕێبەری

# دادگایی دادپەروەرانە لە هەرێمی کوردستان



ifa

KURDISTAN CENTER FOR INTERNATIONAL LAW

٢٠٢٤

# ڕێبەری دادگایی دادپەروەرانە
# لــە هــەرێــمی کوردستان

**تیمی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی**

## پەرتووکی (١٤)

## لــە زنجــیـرە بـــڵاوکــــراوەکــــانی
## ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی


**ناوی پەرتووک:** ڕێبەری دادگایی دادپەروەرانە لــە هــەرێــمی کــوردستـــان

**نووسین:** ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی

**بابەت:** یاسایی

**نرخ:** خۆڕایی

**نۆرەی چاپ:** یەکەم- ٢٠٢٤

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە


Kc-interlaw Kc_interlaw Kc_interlaw www.kc-interlaw.org

# پێڕست


پێشەکی ............................................................................................ ٦
بەشی یەکەم ........................................................................ ١٠
بنەماکانی دادگایی دادپەروەرانە تایبەت بە مافەکانی تاوانلێکراو.. ١٠
١-١ مافی پەنابردنە بەر دادگا........................................................ ١٠
١-٢ جیاوازیی نێوان تاوانەکانی مافی کەســـی و تاوانەکانی مافی گشتی........................................................................................ ١٥
١-٣ جیاوازیی نێوان داوای مافی کەسی و داوای مافی گشتی.... ٢٢
بەشی دووەم........................................................................ ٢٦
مافی دادگایی دادپەروەرانە لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگەدا........ ٢٦
بەشی سێیەم........................................................................ ٢٨
مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییدا٢٨
٣-١ پاراستنی مافی ئازادی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییدا........ ٢٩
٣-٢ گەرەنتیی دادگـاییکردنی دادپەروەرانە لە کـاتی وتەوەرگرتنی تۆمەتباردا ........................................................................ ٣٩
٣-٣ مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە کاتی ڕاگرتنی تۆمەتباردا ........................................................................................ ٤٧
٣-٤ مافی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شایەتحاڵەکاندا..................... ٥٢
٣-٥ پاراستنی مافی تایبەتمەندی لە کاتی پشکنیندا ..................... ٥٤
٣-٦ پاراستنی نهێنیی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی بەرایی................ ٥٦
بەشی چوارەم........................................................................ ٦٠
بنەماکانی دادگایی دادپەروەرانە لە قۆناغی دادگاییدا ................... ٦٠
٤-١ مافی یەکسانی لە بەردەم یاسا و دادگادا............................. ٦٠
٤-٢ یاساییبوونی دادگا ............................................................ ٦٤
٤-٣ سەربەخۆیی دادگا، دادگایی ئاشکرا.................................... ٦٦
٤-٤ دادگای تایبەتمەند ............................................................ ٧٣

٤-٥ زمانی دادگا و وەرگێڕان ........................................................ ٧٥
٤-٦ گریمانەی بێتاوانی تا سەلماندنی تاوان ................................ ٧٧
٤-٧ مافی داکۆکیکردن لە خۆ .......................................................... ٨١
٤-٨ مافی دادگایی خێرا.................................................................. ٨٥
٤-٩ دادگایی زارەکییانە.................................................................. ٨٧
٤-١٠ تۆمارکردنی ڕێکارەکان ........................................................ ٨٩
٤-١١ هۆ و بەڵگەی دەرکردنی حوکمی سزایی.............................. ٩١
٤-١٢ سزای دادپەروەرانە ................................................................ ٩٤
بەشی پێنجەم ................................................................................. ٩٦
ڕێگەکانی تانەدان لە حوکمی سزایی ............................................ ٩٦
٥-١ پەڵپگرتن لە حوکمی پاشملە (نائامادەیی)................................ ٩٧
٥-٢ پێداچوونەوە (التمييز)................................................................ ٩٨
٥-٣ ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە ....................................... ٩٩
٥-٤ دووبارە دادگاییکردنەوە (إعادە المحاكمە)............................ ١٠٠
بەشی شەشەم .............................................................................. ١٠٤
گەرەنتییە بابەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە .............................. ١٠٤
٦-١ بنەمای یاسایی بوونی تاوان و سزاکان................................... ١٠٤
٦-٢بنەمای نەگەڕاندنەوەی دەقە سزاییەکان بۆ ڕابردوو ............. ١٠٧
بەشی حەوتەم............................................................................... ١١٠
مافی قەرەبووی قوربانییانی دادوەریی .......................................... ١١٠

# پێشەکی

لە یەکەم نیگادا دەستەواژەی (دادگایی دادپەروەرانە) هێمـا بۆ دوو جۆر دادگـایی دەکـات، جۆرێکیـان دادپەروەرانەیە، لەپاڵ ویدا، دادگاییەکی دیکە ئامادەیە، یـانـژی دەکـرێ ئـامـادەبـێ، ئەویـش دادگـایـی نادادپەروەرانەیە، وەلێ ئەگەر قوڵتر لە بابەتەکە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ دادپەروەری خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆژی دادگاییە، بە وشـەگەلێکی دیکە، پەیوەندییەکی تەنگاتەنگ لە نێوان پێڤـاژۆی دادگـایی و دادپەروەریـدا هەیە، بە جۆرێـک دەکرێ بڵێین ئەگەر دادگـاییەک دادپەروەرانە نەبێت، ئەوا دادگاییەکە لە واتـا ڕاسـتەقینەکانی خۆی خاڵی بۆتەوە و دەکرێ بیخەینە ژێر ناونیشـانی دیکە و لە قـاڵبی دیکەدا دایبنێین و چیتر بە دادگـایی نـاودێری نەکەین، بە کورتی دادگـایی یـان لە ئـارادا نییە، یـاخود دادپەروەرانە هەیە.

لەبەر ئەم گرنگییەی دادپەروەری لە پێڤاژۆی دادگاییدا، بەشێکی دیاری کۆششی هزریی فەیلەسووفان و یاساناسان بە ئاقاری بژارکردنی ئەو نادادییانەدا ڕۆیشتووە کە لە نێو پێڤاژۆی دادگاییدا بوون، بە هۆی ئەم دەرگیربوونە تولانییەشەوە، نها بابەتی دادگایی دادپەروەرانە جێیەکی دیاری لە یاسا نێودەوڵەتی و نیشتیمانییەکاندا هەیە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەندان پەیماننامەی نێودەوڵەتی کەم تا زۆر ڕەنگرێژی دادگایی دادپەروەرانە دەکەن، لە ئاستی نێوخۆیشدا، دەستوور و یاسا ئاساییەکانی وڵاتان چەندان بنەواشە و ڕێسا لە پەیوەندیدا بە دادگایی دادپەروەرانەوە لە خۆ دەگرن، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ساڵانە چەندان پەرتووک و توێژینەوەی ئەکادیمی و ڕێبەرنامە بە سەرجەم زوانە زیندووەکانی جیهان لە بارەی ئەم بابەتەوە بێنە دەرەوە.

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی (KCIL)، لە سۆنگەی گرنگی بابەتەکە و نەبوونی هیچ ژێدەرێک لەسەر دادگایی دادپەروەرانە بەزوانی شیرینی کوردی لە نێو کتێبخانەی کوردیدا، ئەرکی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرنامەیەی لە ئەستۆ نا. سەرەتا چەند دادوەرێکی بەڕێز بە ئامادەکردنی ڕەشنووسێک ڕاسپێردران، دواتر لەگەڵ چەندان شارەزا و پسپۆڕ و خاوەنڕادا ڕەشنووسەکە بەرباس درا، پاشان بە

پاڵێوەری زمانەوانیدا تێپەڕێنرا، جەمی قســـەکان ئەوەیە ئەم ڕێبەرنـامەیە زادەی کـاری پێکەوەیی چەنـدان تیمە، تیمی نووســـین، تیمی پشـــتیوانی، تیمی زمـانەوانی، هەموویان لە بەســـتێنی پڕۆژەیەکی ناوەندی ناوبراودا دوور و نزیک ڕۆڵیان هەبووە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕێبەرنامە، بگرە یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لەبارەی دادگایی دادپەروەرانەوە.

هەرچەنــدە ئەمە ڕێبەرنــامەیە و تـوێژینەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵام سـروشـتی بابەتەکە وایدەخواسـت بە میتۆدی بەراوردکارییەوە بگیرســـێینەوە، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ، ڕێبەرنـامەکە گرنگی بە هەردوو لایەنی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی بــابەتەکە دەدات و خۆبەخۆ دەســـتگیرۆیی خۆێنەر دەکات بۆ بەراورد کردنی یاســـا ئێراقی و کوردســـتانییەکان بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە.

شـــــایــانی هێمــا بۆ کردنە، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرنامەیە یەکەم وێســـتگەی گەشـــتێکی دوورمەودای نـاوەنـدەکەمـانە ســــەبـارەت بە دادگـایی دادپەروەرانە، هەوڵەکـان بە ئـامـانجی گەیـانـدنی ئەم ڕێبەرنـامەیە بە ئـاســـتێکی بـاڵاتر، بەردەوام دەبن، لە وەشــــانەکـانی داهـاتوودا، هەر وەک ڕێبەرنـامە جیهـانییەکـان، لە ژێر ڕۆشـــنـایی پێدراوە نوێیەکـاندا، بـابەتی نوێی بۆ زیـاد دەکرێ و بە ئاسـتێکی باڵاتر دەگەیەنرێ، بە دەربڕینێکی

دیکە، لە دیدی ناوەندەوە ئەم ڕێبەرنامەیە بناغەیەو لە داهاتوودا تەلارێکی مەزنی لەســــەر هەڵدەچنین. تەنیا مــاوەتەوە بڵێین ئەم ڕێبەرییە یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکــانی نــاوەنــدەکە و وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵـمــانــیــای فــیــدراڵ لە ڕێــگەی Institut für Auslandsbeziehungen (IFA)، باربۆی کردووە.

- ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی

# بەشی یەکەم

## بنەماکانی دادگایی دادپەروەرانە
## تایبەت بە مافەکانی تاوانلێکراو

دادگایی دادپەروەرانە تەنیا لە گۆشەنیگای مافەکانی تۆمەتبارەوە سەیر ناکرێت، بەڵکو پێویستە مافەکانی سکاڵاکار و تاوانلێکراویش بپارێزرێت. بۆیە پێویستە باسی مافەکانی سکاڵاکاریش بکرێت، کە دیارترینیان بریتین لە مافی پەنابردنە بەر دادگا بۆ تۆمارکردنی سکاڵا و مافی پێشکەشکردنی بەڵگە بۆ سەلماندنی تاوان و مافی تانەدان لە بڕیارەکانی دادوەر.

**١-١ مافی پەنابردنە بەر دادگا**

***((هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە هانا بۆ دادگای نیشتیمانیی پسپۆڕ ببات بۆ مافپاراستنی بەرانبەر ئەو کار و کردەوانەی کە مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل دەکەن و دەستوور یان یاسا دەستەبەری کردوون.))***

ماددەی (٨)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

***(( پەنـا بردنە بەر دادگـا مـافێکی پـارێزراو و دابینکراوە بۆ هەموو کەسێک.))***

ماددەی (١٩- سێیەم)ی دەستووری کۆماری ئێراق

وەک لەو پێناسەیەی یاساوە دەردەکەوێت، کە یاسا مـاف دەبەخشـێت و دەیپـارێزێـت، دادگـا یەکێکە لە دامەزراوەکـانی پـاراسـتنی مـاف. چونکە بە تەنیـا ددانپێدانان و ناساندن و ڕێکخستنی مافەکان بەس نییە، ئەگەر مرۆڤ لە کاتی پێشـێلکردنیان نەتوانێت پەنا بۆ دامەزراوەیەک بە مەبەسـتی پاراسـتنی مافەکەی یان وەرگرتنەوەی یاخود قەرەبووی پێشێلکارییەکەی، ببات.

بۆیە سـەرچـاوە نێودەوڵەتییەکـان و یـاسـا نیشـتمانییەکان، ئەم بابەتە ڕێک دەخەن تاکو ئەوانەی دوچاری پێشـێلکاریی مافێک لە مافەکانیان دەبنەوە، بتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن. دووبارە فەراهەمبوونی ئەم مافە پەیوەسـت دەبێتەوە بە نەهێشـتنی جیاکاری بۆ شـادبوون بە مافی پەنابردنە بەر داداگا. واتای ئەم مافە ئەوە دەگەیەنێت پێویستە دەوڵەتان، ئاسـانکاریی تەواو بکەن تاکو ئەوانەی دوچاری پێشـێلکاری بوون، بتوانن کێشـەکانیان ببنە بەردەم دادگا. دەتوانین بە شـێوەیەکی گشـتی وەک لای کەمی فەراهەمکردنی مافی پەنابردنە بەر دادگا، چەند پرەنسیپێک دەستنیشان بکەین:

**یەکەم:** ڕەتکردنەوەی هەر شـــێوەیەک لە شـــێوەکانی جیاکاری بەهۆی ڕەنگ، ڕەگەز، نەتەوە، ئاین و ... هتد لە بەردەم هەر کەســـێک کە بۆ مافەکەی پەنا بباتە بەردەم دادگا.

**دووەم:** فەراهەمکردنی یارمەتیی دادگەری بۆ ئەوانەی مافیان پێشێل دەکرێت تاکو بتوانن کێشەکانیان ببەنە بەردەم دادگا، بۆ نموونە وەرنەگرتنی هیچ بڕە پارەیەک کە ببێتە ڕێگر لە بەردەم کەســـێک لەوەی پەنا بۆ دادگا ببات.

**سێیەم:** فەراهەمکردنی ڕاوێژی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی بە هۆیەکی گونجاو داوای پێدانی ڕاوێژ دەکەن.

هەرکەســـێک تاوانێکی بەرانبەر دەکرێت، مافی پەنابردنە بەر دادگای هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی تۆمارکردنی ســـکاڵاوە (داوای ســـزایی). مەبەســـت لە بزواندن (تحریک)ی داوای ســـزایی بریتییە لە دەســـتپێکردنی ڕێکاری ڕکەبەری. واتا بزواندن یەکەم ڕێکارە بە هۆیەوە داوای ســـزایی لەلایەن داواکاری گشـــتی یان ســـکاڵاکارەوە بەرز دەکرێتەوە، لەمەوە پەیوەندیی ڕێکاری لە نێوان ڕکەبەراندا دروست دەبێت. بەم شێوەیە سکاڵا تەنیا بریتییە لە خاڵی یەکەم لە داوای ســـزایی، بە تایبەتیش لەو تاوانانەدا کە بەبێ ســـکاڵای تاوانلێکراو یان بریگرتەکەی، داوای ســـزایی تۆمار

ناکرێت. بەڵام داوای ســـزایی، لە ســـکاڵاوە تاکو دوا بڕیاری دادگا دەگرێتەوە.

بزواندنی داوای ســزاییش بەو شــێوازانە دەبێت کە لە یاسادا دیاری کراون. واتا بۆ بزواندنی داوای سزایی، پێویســـتە یەکێک لەو شـــێوازانە بگیرێتە بەر کە یاســـا دیاری کردوون. لە بارێکیشــدا، بزواندنی داوای ســزایی ئەگەر بە سکاڵا بوو، دەشێت زارەکی یان نووسراو بێت.

لەم ڕووەوە یاســـای بنەماکانی دادگایی ســـزایی ژمارە ٢٣ ی ســـاڵی ١٩٧١ لە مادەی (١-أ)دا باس لەوە دەکات: داوای ســـزایی بە ســـکاڵایەکی زارەکی یان نووســراو دەبزوێنرێت. مەبەستیش لە سکاڵای زارەکی ئەوەیە ســـکاڵاکار یان تاوانلێکراو بە دەربڕین (بە زار) ســـکاڵای خۆی پێشـــکەش بە لایەنی تایبەتمەند بەپێی یاســـا، دەکات. بۆ نموونە، ســـکاڵاکار دەچێتە بەردەم لێکۆڵــەری پۆلیس و داوا دەکــات لێکۆڵینــەوە لــە تۆمـەتبارێک کە دزی لێ کردووە، بکرێت، بۆ ئـەمـەش کۆنووســـێک ڕێک دەخرێت و وتەکانی ســـکاڵاکار یان تاوانلێکراو تۆمار دەکرێت و لە ماوەی یاســـایی خۆیدا دەخرێتــە بــەردەم دادوەری پســـپۆڕ، کــە دادوەری لێکۆڵینـەوەیـە. یـان دەشـــێت کـەســـێک لـە دادبینیدا ڕووبـەڕووی تـاوانێکی جۆری گـەورەکـەتن بێتـەوە لـە ڕکەبـەرەکـەی یـان کـەســـێکی دیکە و ئـەمیش داوا لـە دادوەر بکات ڕێکاری یاســایی لە دژی تۆمەتبار بگیرێتە

بەر و دادوەریش بە کۆنووسێک تۆمەتبار هەواڵەی دادگای لێکۆڵینەوە بکات. بەڵام سکاڵای نووسراو ئەوەیە، سکاڵاکار یان تاوانلێکراو دەستنووسێک بە یەکێک لەو لایەنانەی بەپێی یاسا تایبەتمەندن بە تۆمارکردنی سکاڵا، دەدات و تێیدا درێژەی بابەتی ئەو تاوانەی لێی کراوە، بۆ لایەنەکە دەخاتە ڕوو:

**١-١-١ ئەو کەسانەی مافی تۆمارکردنی داوای سزاییان هەیە**

بە شێوەیەکی سەرەکی ئەمانەی خوارەوە مافی تۆمارکردنی سکاڵایان هەیە:

- زیانلێکەوتوو لە تاوان یان ئەو کەسەی لە ڕووی یاساییەوە لە برییەتی.
- هەر کەسێک زانیاریی لەسەر تاوانێک لە تاوانەکانی مافی گشتی هەبوو.
- هەواڵدان لەلایەن هەرکام لەوانەی سەرەوە بە داواکاری گشتی، ئەگەر یاسا بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەقی تێدا نەبوو.

### ١-١-٢ ئەو لایەنانەی داوای سـزاییان لەکن تۆمار دەکرێت

مادەی (١/أ) لە یاسـای بنەماکانی دادگایی سـزایی، ئەو لایەنانەی دیاری کردووە کە سـکالاکار یان تاوانلێکراو، سکالایان لا تۆمار دەکات، بریتین لە:-

- دادوەری لێکۆڵینەوە.
- لێکۆڵەر یان هەر بەرپرسێک لە بنکەی پۆلیس.
- ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری.
- ئەفسەری پۆلیس یان ڕێگەپێدراو لە تاوانی بینراودا.

### ٢-١ جیاوازیی نێوان تاوانەکانی مافی کەسـی و تاوانەکانی مافی گشتی

یاسـادانەری ئێراقی بۆ بزواندنی داوای سـزایی جیاوازیی لە نێوان دوو کۆمەڵە تـاوانـدا کردووە، کۆمەڵەی یەکەمیان ئەو تاوانانەن کە بەبێ سـکالای تـاوانلێکراو یـان ئەوەی لە بریيەتی نـاتوانرێت داوای سزایی تۆمار بکرێت. بەڵام کۆمەڵەی دووەمیان ئەوانەن کە بەبێ سـکالاش دەسـەڵاتی گشـتی داوای سـزایی دەبزوێنێت. بە یەکەمیـان دەوترێت تـاوانەکـانی مـافی کەسـی و بە دووەمیشـیان تاوانەکانی مافی گشـتی. بۆ دیاریکردنیشـیان پێویسـتە بگەڕێینەوە بۆ یاسـاکان تا بزانین کامانەی بە تـاوانی مـافی کەسـی دانـاوە؛ هەر

تاوانێکیش بە دەق بە مافی کەسی هەژمار نەکرابێت، ئەوە تاوانی مافی گشتییە. بۆیە تەنیا پێویستە تاوانەکانی مافی کەسی بناسێنین و ئەوەی لە نێویاندا نەبێت، تاوانی مافی گشتییە.

تاوانەکانی مافی کەسییش جگە لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی، لە چەند یاسایەکی تایبەتمەندیشدا بەپێی سیاسەتی یاسادانەر دیاری کراوان و لە خوارەوە باسیان دەکەین، چونکە دیاریکردنیان کاریگەریی لەسەر تۆمارکردنی سکاڵا و بەڕێوەبردنی داوا و دەرئەنجامەکانی هەیە، ئەمانیش پەیوەستن بە مافی سکاڵاکار و تۆمەتبارەوە، بۆیە کاریگەرییان لەسەر دادگایی دادپەروەرانە هەیە.

## ١-٢-١ تاوانەکانی مافی کەسی لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزاییدا

بریتین لەو تاوانانەی لە مادەی ٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزاییدا دیاری کراون. بەگوێرەی مادەی (٣/أ) لە یاساکە، کۆمەڵێک تاوان بە تاوانی مافی کەسی دانراون کە بریتین لە: ناوزڕاندن یان جوێندان؛ نهێنی درکاندن؛ هەواڵدانی درۆ؛ هەڕەشەی زارەکی؛ ئازاردان ئەگەر تاوانەکە لەسەر ڕاسپێراوێک بە خزمەتی گشتی نەبێت لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەی یان بەهۆیەوە؛

دزی؛ زەوتکردن و ناپاکی بە ئەمانەت؛ فێڵکردن یان لەبندەستبوونی شتی بەدەستهاتوو لێیان ئەگەر تاوانلێکراو هاوسەری تاوانبار یان یەکێک بێت لە بنەچەکانی یان نەوەکانی و ئەو شتانەش بە بڕیاری دادوەری یان کارگێڕی دەستبەسەرداگیراو نەبن، یان مافی کەسێکی دیکەیان لەسەر نەبێت؛ فەوتاندن یان تێکدانی مالآت جگە لە مالآتی دەوڵەت ئەگەر تاوانەکە بە دۆخی قورسەوە پەیوەست نەبێت؛ شکاندنی ڕێزی موڵک یان چوونەناوەوە یان تێپەڕین بە زەوییەکی چێندراو یان ئامادەکراو بۆ چاندن یان زەوییەک بەرهەمی تێدا بێت یان ڕێگەدان بە ئاژەلآن کە بەنێوی بکەون؛ فڕێدانی بەرد یان شتی دیکە بۆ سەر شوێنڕێی گواستنەوە، مالآن، باڵەخانەکان، باخچە یان تەویلەکان؛ لەگەڵ هەر تاوانێکی دیکە لە یاسایەکدا هاتبێت، کە ناشێت داوای سزایی بە غەیری سکالآی زیانمەند لە تاوانەکە ببزوێنرێت.

### ١-٢-٢ تاوانەکانی مافی کەسی لە یاسای سزاکاندا

بەپێی مادەی ٣٨٤ لە یاسای سزادان، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە تاوانی جێبەجێنەکردنی بڕیارێکی دادوەری بۆ پێدانی خەرجی بە ژن یان یەکێک لە بنەچەکان یان لقەکان (نەوەکان) یان هەر کەسێکی

دیکە، یاخود نەدانی کرێی منداڵبەری یان شـــیردان یان نیشـــتەجێبوون. ئەگەر کەســـی بڕیار لەســـەردراو بۆ هەرکام لەوانەی ســـەرەوە، بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا بە تاوان دادەنرێت و سزا دەدرێت. بەڵام ئەو کەسە داوای سزایی لەسەر تۆمار ناکرێت، مەگەر بە سکاڵای کەســـی پەیوەندیدار کە بریتین لە وانەی لە مادەکەدا دیاری کراون. هەر لە هەمان یاســـادا، بەگوێرەی مادەی ٣٨٥ی تایبەت بە تاوانی ســـێکســـی نێوان کەســـانی بە یەکتر نەشـــیاو بە ڕەزامەندیی خۆیان، دیســـان داوای سزایی تۆمار ناکرێت، مەگەر بە سکاڵای تاوانلێکراو یان بنەچەکەی یان نەوەکەی یان خوشک و براکانی، شایەنی هیمـا بۆ کردنە مـاددەی نـاوبراو بە گوێرەی بڕیـاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی (هەڵوەشاوە) ژمارە ٤٨٨ ساڵی ١٩٧٨ پەککخراوە.

هـەروەهـا لـە مـاددەی ٤٥٥دا کـە تـایبـەتـە بـە تـاوانی دەســـتکـاریکردنی مـاڵاتێکی گوێزراوە بـەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی فرۆشـــیار لەکاتێکدا مەرجی ئەوەی داناوە دەســـتکاریی نەکات تاکو هەموو نرخەکەی وەرنەگرێت، تێیدا هـاتووە داوای ســـزایی تۆمـار نـاکرێت تـەنیـا بـە سکاڵای فرۆشیار نەبێت.

### ١-٢-٣ تاوانەکانی مافی کەسی لە یاسای ڕۆژنامەگەری (ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧)

لەم یاسـایەدا ئەوەی پەیوەندیی بە مافی کەسـانەوە هەبێت لە پەیوەندی بەو تاوانانەی ناتوانین بەبێ سـکاڵا داوای سـزاییـان تێدا ببزوێنین، بریتین لـە هـەردوو بڕگـەی (٤) و (٥) لـە مـادەی ٩ لـە یـاسـاکـە. بڕگـەی یەکەمیان بریتییە لە تاوانی بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک پەیوەندیی بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتیی تاکەوە هەبێت و بڕگەی دووەمیـان بریتییـە لـە تـاوانەکانی جوێندان و توانجی نارەوا و ناوزڕاندن (تۆمەت هەڵبەسـتن) کاتێک لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێنەوە.

ئەمانە هەمان تاوانی جوێندان و تۆمەت هەڵبەسـتنن، کە لە مادەکانی ٤٣١ و ٤٣٤ی یاسـای سـزاکاندا هاتوون. هەروەتر تاوانی بڵاوکردنەوە یان ئاشـکراکردنی نهێنیی تاکەکان کە لە مادەکانی٤٣٧ و ٤٣٨دا دەقنووس کراون. شـایانی هێما بۆ کردنە، ئەو تاوانانەی لە مادەی (٣/ أ-٢)ی یاسـای بنەماکانی دادگایی سـزاییدا هاتوون، بە تاوانی مافی کەسـی هەژمار کراون ئەگەر تاوانەکە دژی ڕاسـپێردراو بە کاری گشـتی، لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەی یان بە هۆیەوە نەبێت.

### ١-٢-٤ تاوانەکانی مافی کەســـی لە یاســـای هەمواری یاسای باری کەسی (ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨)

ئەم یاسـایە لە پەرلەمانی کوردسـتانەوە **دەرچووە** و بە هۆیەوە هەمواری چەندان مادە و حوکمی یاســـای باری کەســـیی ئێراقی ( ژمارە ١٨٨ی ســـاڵی ١٩٥٩ و هـەموارەکـانی) کردووە. لـە نێویـانـدا مـادەی ٣ و ١٠ لـە یاسای هەموارکراو تایبەت بە فرەژنی. بەگوێرەی مادەی (٣/أ-١) لە یاســـای بنەماکانی دادگایی ســـزایی، تاوانی فرەژنی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسـای باری کەسـی، بە تاوانی مافی کەسـی دانراوە، کە پێشـتر دوو مەرجی هـەبوو، توانـای دارایی و بـەرژەوەنـدیی ڕەوا، بـەڵام بەگوێرەی هەمواری یاســـاکە بە یاســـای پەرلەمانی کوردســـتـان، هەم مەرجەکـان زیـاد کراون، هەمیش سزاکەی زیاد کراوە.

### ١-٢-٥ تـاوانەکـانی **مـافی کەســـی لە یاســـای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی (ژمارە ٨ی ســـاڵی ٢٠٠٨)**

بـە گوێرەی مـادەی ٢ لەو یـاســـایـە هـەریـەک لـە کردەکانی جوێندان، تۆمەت هەڵبەســـتن، هەڕەشـــەلێدان لـەگـەڵ چـەنـدان تـاوانی دیکە بـە ڕێگـەی ئـامێرەکـانی پـەیوەنـدی، وەک مۆبـایـل و تـەلـەفۆن و ئینتـەرنێتەوە،

تـاوانن، هەرچەنـدە هـەمـان ئەم كردانە بـە گوێرەی مادەكانی ٤٣١، ٤٣٢ و ٤٣٤ لە یاسای سزاكان تاوانن.

ئەم تاوانانە بە تاوانی مافی كەســی دادەنرێن لەبەر ئەوەی ئامرازی ئەنجامدانی تاوانەكە سروشتی تاوانەكە ناگۆڕێت، چونكە ئەم جۆرە كردە تاوانییانە لە ماددەی ( ٣ – أ )ی یاســای بنەماكانی دادگایی ســزایی بە تاوانی مافی كەسی ناودێر كراون.

### ١-٢-٦ داوای مافی **گشتی**

ئەوانەی پێشــتر باســمان كردن ئەو تاوانانە بوون، كە بەبێ ســكاڵا نابزوێنرێن و كارســازییان تێدا ئەنجام نادرێت. بۆیە بەدەر لەوانە، یان بەپێی هەر دەقێكی تر كە بزواندنی داوای سزایی پێویستی بە سكاڵا بێت، ئەوا بە تاوانەكانی مافی گشــتی دادەنرێن و بەبێ ســكاڵاش دەســـەڵاتی گشـــتی لێپێچینەوە لەتەك ئەنجامدەرانیدا دەكات. واتە ئەو داوایانەی كە پێشــێلی مافی گشــتییان تێدایە بە تاوانی مافی گشــتی ناو دەبرێن و دەســەڵاتی تایبەتمەند و تەرخان خۆی دەســـت بە تۆماركردنی داوای سزایی لە دژی بكەرانی تاوان دەكات.

## ٣-١ **جیاوازیی** نێوان **داوای مافی کەسی و داوای مافی گشتی**

گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان داوای مافی کەسی و مافی گشتی لەمانەدا کورت دەبنەوە:

- لە داواکانی مافی کەسیدا، داوای سزایی نابزوێنرێت مەگەر بە سکاڵای تاوانلێکراو یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە لەبرییەتی وەک پارێزەرەکەی، یان باوکێک لە بری مناڵە نەوجەوانەکەی. بەڵام لە داوای مافی گشتیدا بزواندنی سکاڵا پەیوەندی بەوەی تاوانلێکراو سکاڵا بکات یان نەیکات، نییە. دواکاری گشتی یان ئەو لایەنانەی یاسا بەسەریدا سەپاندون کە هەواڵی ئەو تاوانانە بگەیەننە ئەو لایەنانەی سکاڵایان لا تۆماردەکرێت، داوای سزایی بەبێ بوونی سکاڵا دەبزوێنرێت.
- وازهێنان لە سکاڵا لەلایەن تاوانلێکراوەوە لە داواکانی مافی کەسیدا -لە هەندێکیاندا کە پێکهاتن (ئاشتەوایی) تێیاندا لەسەر ڕەزامەندیی دادگا ناوەستێت- دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی سکاڵای تاوانلێکراو، وەک تاوانی جوێندان بەگوێرەی مادەی ٤٣٤ لە یاسای سزادان. بەڵام لە داواکانی مافی گشتیدا، وازهێنانی تاوانلێکراو نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی سکاڵای تاوانلێکراو و هیچ کاریگەرییەکی بۆ بەردەوامیی داواکە نابێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت لە دادگای بابەت (کەتن یان

گەورەکەتن) دەشـــێت وەک بارێکی کەســـینەیی سووککردنی سزا سەیری بکات.

- پێکهاتن، ئەگەر پێویســـتیی بە ڕەزامەندیی دادگا هەبێت یان نەبێت، تەنیا ئەو داوایانە دەگرێتەوە کە داوای مافی کەســـیین و لەو داوایانەدا کە مافی گشـتیین، پێکهاتن نابێت، بەڵام شـیاوە سـکاڵاکار واز لە مافی شارستانی بهێنێت.
- لە داواکانی مافی کەســـیدا، تاوانلێکراو پابەندە بە ماوەیەکی دیاریکراوەوە بۆ تۆمارکردنی ســـکاڵاکەی کە سێ مانگە لە ڕۆژی زانینەوە بە تاوانەکە یان لەو ڕۆژەوەی هیچ بیانوویەکی بەزۆر داسەپاوی نامێنێت تاکو ســکاڵاکەی تۆمار بکات، بەپێچەوانەوە لە دوای ئەو ماوەیەوە ســـکاڵای لێ وەرناگیرێت. لەکاتێکدا سکاڵا تۆمارکردن لەلایەن تاوانلێکراوەوە لە داواکانی مافی گشتیدا، پەیوەست نییە بەو ماوەیەوە و لە هەر کـاتێکـدا بێـت دوای ڕووداوەکـە مـافی ســـکـاڵا تۆمارکردنی هەیە.
- مردنی تاوانلێکراو لە داواکانی مافی کەســیدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی تۆمارکردنی سکاڵا، ئەگەر لە یاســـادا پێچەوانەی ئەمە نەهاتبێت. بەڵام ئەگەر تاوانلێکراو دوای پێشــکەشــکردنی ســکاڵاکەی مرد، ئەوا مردنی نابێتە هۆی وەستانی داواکە.

- لەبەر ئەوەی بۆ داواکانی مافی کەســـی یاســـا وای داناوە داوای ســـزایی نابزوێنرێت تەنیا بە ســـکاڵای تاوانلێکراو نەبێت، ئەوا هیچ ڕێکارێکی یاســـایی لە دژی ئەو کەســـەی تاوانەکەی کردووە، ناگیرێتەبەر، تەنیا دوای پێشــکەشــکردنی ســکاڵا نەبێت. بەڵام بۆ داواکانی مافی گشـــتی، پێویســـت بە ســـکاڵا ناکات، بەڵکو بە زانینی ڕوودانی تاوانەکە لەلایەن دامودەزگا تایبەتمەندەکانەوە دەست بە لێکۆڵینەوە و کارسازیی لە دژی تۆمەتبار دەکرێت.

خاڵێکی دیکەش کە پەیوەندیی بەم تاوانانەوە هەیە ئەوەیە، ئەگەر تاوانلێکراوان زیاتر لە کەســێک بوون، بۆ ئەو تاوانانەی لە مادەی (٣-أ)دا هاتوون، بزواندنی داوای ســـزایی لەلایەن یەکێکیانەوە بەســـە بۆ دەســـتکردن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گشـــــت تۆمەتباراندا. هەروەتر ئەگەر تۆمەتبارانیش زیاتر لە یەک کەس بوون، ئەوا بزواندنی داوا لە ســـەر یەکێکیان وەک ئەوەیە لەســـەر هەموویان بزوێنرابێت، جگە لە تاوانی سـێکس (زینا)ی هاوسـەران، چونکـە ئـەگـەر داوا لـە دژی مێرد یـان ژنی زینـاکـار نەبزوێنرێت، ناکرێت لە دژی هاوبەشـــەکانی ســـکاڵا لەسەر تاوانەکە ببزوێنرێت.

# بەشی دووەم

## مافی دادگایی دادپەروەرانە لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگەدا

ڕێکارەکانی قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگە، یان ئەوەی پێی دەوترێت کۆکردنەوەی سەرەداوی تاوانەکە، لەلایەن ئەندامانی بەرزەفتی دادوەرییەوە ئەنجام دەدرێن، کە ئەرکیان سنووردارە بە گەڕان بە دوای تاوانەکان و تاوانباران و کۆکردنەوەی توخمەکانی لێکۆڵینەوەکە.

قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگە یەکەم قۆناغی بینینی داوای سزاییە، کە بە زۆری پێش بینینی دۆسیەی تاوانکاری دێت و بە دەروازەیەک دادەنرێت بۆی. ئەم قۆناغە بە بەدواداچوون و کۆکردنەوەی ئەو توخم و بەڵگە فیزیکییانەی ڕوودانی کردەوەی تاوانکاری دەسەلمێنن، دەست پێ دەکات، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ تۆمەتبارەکە بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەڵگەی پێویست بۆ دەستپێکردنی

دۆسـیەی تـاوانەکە بە شـێوەیەک ببێتە هـۆی ڕوونبوونەوەی ڕاستییە خوازراوەکە.

قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگە لەو ساتەوە دەست پێ دەکـات، کە هەواڵی ڕوودانی تـاوانەکە دەگـاتە لای ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری (أعضاء الضبط القضائی)، کە بە کارەکانی خۆی هەڵدەسـتێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەکـان و لەوێدا هەموو زانیـارییەکـانی دەوروبەری تاوانەکە دەخاتە بەردەم دەسـەڵاتی لێکۆڵینەوە، ئەویش دادوەری لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگەی خسـتنەڕووی ئەو سکاڵا و ڕاپۆرتانەی وەریان دەگرێت، جا جددی بن یان نا. پاشـان دادوەر یان بڕیاری خۆی بە ڕەتکردنەوەی سـکاڵاکە و داخسـتنی لێکۆڵینەوەکە بۆ کرداری ناتاوانی دەردەکـات (ئەمەش بـارگرانی لەسـەر دەسـەڵاتی لێکۆڵینەوە کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی پێشـێلنەکردنی ئازادیی تاکەکان بە مەرجێک بەڵگەی پێویسـت نەبێت بۆ پاسـاوهێنانەوە بۆ ئەم پێشـێلکارییە)، یان ئەگەر قۆناغی ئەنجامەکان دەری خسـت کە تاوانەکە ڕووی داوە و بەڵگەی پێویست لە دژی کەسـەکە لەبەر دەستدایە، ئەوا دۆسیەی لێکۆڵینەوە دەچێتە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەرایی و ئەم قۆناغە دەسـت پێ دەکات و لەم قۆناغەشـدا دادوەری لێکۆڵینەوە ڕۆڵی خۆی لە بەڕێوەبردن و بەدواداچوون بۆ بـابەتی دۆسـیەکە بەپێی بنەمـا یاساییەکانی لێکۆڵینەوەی بەرایی، جێبەجێ دەکات.

# بەشی سێیەم

## مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە
## لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییدا

قۆنـــاغی لێکۆڵینەوەی بەرایی، قۆنـــاغی دووەمی بینینی دۆســـیەی ســـزاییە، هەروەها ئەو ڕێکارانەیە کە دادوەر، یـان لێکۆڵەرەکـان لە ژێر ســـــەرپەرشـــتیی دادوەرەکانی لێکۆڵینەوەدا، ئەنجامی دەدەن.

لێکۆڵینەوە بەراییەکان بە بنەما و ڕۆحی دۆســـیەی تـاوانکـاری دادەنرێن و تـایبەتمەنـدییە بنەڕەتییەکـانی دیاری دەکات.

ڕێکارەکانی قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەرایی بە کۆمەڵە ڕێکارێک هەژمار دەکرێن، کە کاریگەرییان لەســەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس هەیە. چونکە ڕێکارەکانی گرتن و پشـــکنین و ڕاگرتن و ملکەچکردن بۆ پشـــکنین و لێپرســـینەوە، لەم قۆناغەدا ڕوو دەدەن و بەشـــێک لەو ڕێکارانەش ناچارکردن و زۆرەملێ لەخۆ دەگرن.

بۆیە ئەم قۆنـــاغە و ڕێکـــارەکـــانی، بووەتە جێی ســـــەرنجی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەســـــت بە پاراســــتنی مافەکانی مرۆڤەوە، هەروەها لەلایەن یاسادانەری نیشتمانییەوە گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، جا چ لە دەســـــتووردا بێت یان لە یاســـــاکانی ڕێکاری سزاییدا.

گرنگترین بنەماکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لەم قۆناغەدا، بریتین لە:

## ٣-١ پاراســـــتنی مافی ئازادی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییدا

وەک گەرەنتییەکی دادگـــاییکردنی دادپەروەرانە، دەبێت ئازادیی تاکەکەســـــی تۆمەتبار یان گومانلێکراو، بپـــارێزرێـــت، ئەمەش بە لەبەرچـــاوگرتنی ئەم خـــاڵانەی خوارەوە دەکرێت:

### ٣-١-١ نابێت ئازادیی تاک پێشـــێل بکرێت، مەگەر کاتێک بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا بێت و بەپێی یاسا

*(( هەموو تاکێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی مرۆیی هەیە.))*

مادەی سێیەمی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا

***((هەموو تـاكێـك مـافی ئـازادی و ئاسـایشـی كەسـیی هەیە، نابێت هیچ كەسێك بە نارەوایی دەستگیر بكرێت یـان ڕابگیرێـت، هەروەهـا نـابێـت هیچكەس لە ئـازادییەكەی، جگە لەو بارانەی یاسا دیاریی كردوون، بێبەش بكرێت.))***

مادەی (١/٩)ی **پەیماننامەی** نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەكان

***((ئـازادی و كەرامەتـی مـرۆڤ پارێزراون.))***

مادەی (٣٧/یەكەم/ أ) ی دەستووری كۆماری ئێراق

***((ناتوانرێت هیچ كەسێك دەستگیر بكرێـت یـان ڕابگیرێـت، مەگەر بە فەرمـانی دادوەر یـان دادگـا یـان لە هەلومەرجێكدا بێت، كە یاسـا ڕێگەی پێ دەدات.))***

مادەی ٩٢ی یاسای بنەماكانی دادگایی سزایی ئێراق

هەموو مرۆڤێـك مـافی ئـازادیی كەسـیی هەیە، ناتوانرێت دەسـتگیر بكرێت یان ڕابگیرێت جگە لەو بار یـان حـاڵەتـانەی لە یـاسـادا دیـاری كراون و بەبێ زیادەڕەوییش تێیاندا، هەروەها دەبێت دەسـتگیركردن یان ڕاگرتن بەو شێوەیە بێت كە لە یاسادا دیاری كراوە

و لەلایەن ئەو بەرپرسانەی بەپێی یاسا دەسەڵاتیان پێ دراوە.

شتێکی لۆژیکییە ئەو فەرمانەی دادوەرێک بۆ دەستگیرکردنی کەسێکی دیاریکراو دەری دەکات، مانای پێشێلکردنی ئازادیی تاکەکەسییە کە بە دەستوور پارێزراوە، بۆیە دەبێت بەپێی پێوەرە یاساییەکان و لەسەر بنەمای بەڵگەی ئاوەزپەسەند بێت.

ئێستاش دەپرسین کەی دەستگیرکردن ناڕەوا یان نایاساییە؟

- ئەگەر پێشێلی ماددەکانی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی بێت کە پرۆسەی دەستگیرکردن ڕێکدەخات. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو تاوانەی بەرامبەر تۆمەتبار کراوە، تاوانێکی بچووک بێت کە سزای بەندکرن بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێک بێت و شوێنی نیشتەجێبوونی زانراو بێت و هیچ ترسێک لە هەڵهاتنی یان کاریگەریی لەسەر بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوە نەبێت، سەرەڕای ئەم بارودۆخانە دادوەر، لەبری بانگهێشتکردنی بۆ ئامادەبوون، بڕیاری دا بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی (مادەی ٩٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی).
- ئەگەر یاساییانە دەست پێ بکات، بەڵام دواتر بگۆڕێت بۆ ناڕەوا. وەک کەسێک کە بە شێوەیەکی

یاسایی دەستگیر کراوە، بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی یاسا دیاری کردووە، دەستگیرکردنی بەردەوام بوو. ماوەی دەستگیرکردن لە یاسای ئێراقیدا بیست و چوار کاتژمێرە، ئەگەر تۆمەتبارەکەش بەبێ لێپرسینەوە بۆ زیاتر لەم ماوەیە و بەبێ ئەوەی چارەنووسی دیاری بکرێت، مایەوە، ئەوە بە دەستگیرکردنی ناڕەوا دادەنرێت.

- ئەگەر کەسی دەستگیرکراو ڕێگری لە هەر یەکێک لە مافەکانی کە لە دەستوور و یاسادا هاتوون، بکرێت، وەک ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردن بە خێزانەکەی یان بە پارێزەرەکەیەوە (ماددەی ٣/١٤/ب لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان).
- ئەگەر تاوانەکە یەکێک بێت لەو تاوانانەی دۆسیەکەی بە سکاڵا دەجوڵێنرێت، واتە تاوانی مافی تایبەت بێت و سکاڵاکار دەستبەرداری سکاڵاکەی بووبێت یان لەگەڵ تۆمەتبار ئاشت بووبێتەوە، بەڵام دادوەر پێ لەسەر دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە، دابگرێت.

### ٣-١-٢مافی دەســـتگەیشـــتن بە زانیاری ســـەبارەت بە هۆکاری دەستگیرکردن

***((هەر کەسێک دەستگیر بکرێت، دەبێت لە هۆکاری ئەم دەستگیرکردنە ئاگادار بکرێتەوە ...))***

بڕگەی ٢ لە ماددەی ٩ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

یـاســـــادانەری ئێراق و هەروەهـا ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتییەکان، جەختیان لەوە کردووەتەوە کە دەبێت دەســـتبەجێ کەســـی دەســـتگیرکراو لە هۆکـاری دەســـتگیـرکـردنـی ئـاگـادار بـکـرێـتەوە. گـرنـگـیـی ئاگادارکردنەوەی کەسـەکە لە هۆکاری دەسـتگیرکردنی، ڕەخســـاندنی دەرفەتە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری یـاســـاییبوونی دەســـتگیرکردنەکەی بێـت و وەک بەرجەســـتەکردنێکی مـافی بەرگریکردن، مـافی پەیوەنـدیکردنی بە خێزان یـان پـارێزەرەکەیەوە بۆ فەراهەم بکرێت.

ئەگەر تۆمەتبار نەوجەوان بێت، ئاگادارکردنەوەی بەپێی ماددەی( ٩٤/ب) لە یاســـای بنەماکانی دادگایی سزایی ئێراقی، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نەوجەوانە تۆمەتبارە کە ناکات، چونکە لە تەمەنێکدایە لە سروشتی ئەو تاوانەی پێی تۆمەتبارە، تێناگات. بۆیە ســـوود لە بەکارهێنانی مافی بەرگریکردن لە خۆی، نابینێت. لەبەر

ئەوە پیویســـتە ماددەی ( ٢/٤٠/ب/٢) لە ڕێککەوتننامەی منـدالاّن، بەکـار ببرێـت کە تێیـدا هـاتووە: ((دەبێـت دەســتبەجێ و ڕاســتەوخۆ لە ڕێگەی دایک و باوک یان ســەرپەرشــتیاری یاســاییەوە لە کاتی پێویســتدا، لەو تۆمەتـانەی ئـاراســـتەی کراون، ئـاگـادار بکرێتەوە و یارمەتیی یاسـایی یان هەر هاوکارییەکی دیکەی گونجاو بۆ ئـامـادەکردن و پێشـــکەشـــکردنی بەرگرییەکەی، وەربگرێت)).[1]

دەبێت هۆکاری دەســـتگیرکردن بە زمانێک ڕوون بکرێتەوە، کەســەکە لێی تێبگات. ئەمەش واتە وەرگێڕ بۆ ئەو کەســانەی زمانی دەســەڵاتی فەرمی و لێکۆڵینەوەی وڵات نازانن، دابین بکرێت.

## ٣-١-٣ داوای هاوکاریی پارێزەر لە کاتی لێکۆڵینەوەدا

***((هەر کەســـێک تۆمەتبـار بێـت بە ئەنجامدانی کارێکی تاوانکاری... ئەگەر توانای نەبێ پارێزەرێک بۆخۆی دابین***

---

[1] لە خاڵی( ١/١٠)ی پەیڕەوی پەکینیشدا هاتووە: ((دوای دەستگیرکردنی نەوجەوان، دەبێت دەستبەجێ دایک و باوکی یان سەرپەرشتیارەکەی ئاگادار بکرێنەوە. ئەگەر نەتوانرا ئەم ئاگادارکردنەوە دەستبەجێیە جێبەجێ بکرێت، دەبێت دایک و باوک یان سەرپەرشتیارەکە لە کورتترین ماوەدا دوای دەستگیرکردنی، ئاگاداربکرێنەوە)).

***بکات، بێ ئەوەی پارە بدات، دەبێت پارێزەرێکی بۆ دابین بکرێ.))***

ماددەی (١٤-٣-د) ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا

لەکاتی دەستگیرکردنی کەسێکدا، بۆ پاراستنی مافەکانی و هاوکاریکردنی لە بەرگریکردندا، دەبێت بتوانێت هاوکاری لە پارێزەرێکی دڵخوازی خۆیەوە وەربگرێت. ئەگەر نەیتوانی خۆی پارێزەر هەڵبژێرێت یان دابین بکات، مافی ئەوەی هەیە پارێزەرێکی شارەزای بۆ دابنرێت تا بەرگری لێ بکات.

پێویستە کەسی دەستگیرکراو لە سەرەتای دەستگیرکردنەوە، پەیوەندی لەگەڵ پارێزەراندا هەبێت، هەروەک پێویستە کات و ئاسانکاریی پێویستی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بەنهێنی پەیوەندیی بە پارێزەرەوە بکات. مافی پەنابردن بۆ پارێزەر، ئامرازێکی سەرەکییە لە دەستەبەرکردنی پاراستنی مافی ئەو کەسانەی بە ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکاری تۆمەتبارن، بەتایبەت مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانەیان.

## ٣-١-٤ ڕێگەدان بە پارێزەران بە بینینی پەڕاوی لێکۆڵینەوە

ئەگەر یەکێک لە پێوەرە بنچینەییەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە ئەوە بێت، تۆمەتباری دەستگیرکراو بەبێ

ئامادەبوونی بەرگریکارەکەی، لێی نەپرسرێتەوە، ئەوکات بۆ بەدیهێنانی دروستی ئەو مەبەستە، پێویستە پارێزەر بتوانێت هەموو پەڕاوی لێکۆڵینەوە ببینێت تا بتوانێت ئاگاداری هەموو بەڵگەکانی ناو پەڕاوەکە بێت و ئەرکی بەرگریکاری بەجێ بهێنێت.

### ٣-١-٥ ئامادەکردنی دەســـتبەجێی تۆمەتبار لە بەردەم دادوەر بۆ وەرگرتنی وتەکانی

***((هەر کەســێک بە تۆمەتی تاوانکاری دەستگیر بکرێت یان ڕابگیرێت، بەپەلە دەخــرێــتە بەردەم دادوەر یـــان بەرپرسێک کە بەپێی یاسا دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئەرکە دادوەرییەکانی پێ دراوە و مــافــی ئەوەی هەیە لە ماوەیەکی گونجاودا دادگایی بکرێت، یان لە ڕێکارە دادوەرییەکان ئازاد بـکـرێـت، لەگەڵ دڵـنـیـابـوون لە جێبەجێکردنی بڕیـارەکە لە کـاتـی پێویستدا.))***

بڕگەی ٣ لە مادەی ٩ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

هەر کەسێک لەسەر تاوانێک دەستگیر کرا، پێویستە بەپەلە بخرێتە بەردەم دادوەر تا زوو وتەی دەربارەی

ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی، لێ وەربگیرێت. دوای ئەوەی بەڵگەکـانی ڕووبەڕوو کرانەوە و بۆی ڕوون کرانەوە، پێویســتە دادوەری لێکۆڵینەوە چارەنووســی تۆمەتباری دەســــتگیر کراو، دیاری بکات، بەوەی ئەگەر دەرکەوت بەڵگە لە دژی تۆمەتبـار نییە، یـان کـارەکە تـاوان نییە، یانیش ئەو ئەنجامی نەداوە، دەســـتبەجێ ئازاد بکرێت و ســــکاڵاکە ڕەت بکرێتەوە؛ لە کاتی بوونی ئەو بڕوایەی کارەکە تاوانە و تۆمەتبار تێیدا بەشـــدارە، هەوڵ بدرێت پـاڵپشـــــت بە بنەمـای گریمـانەی بێتـاوانی، تـا وادەی دادگاییکردنی بە بارمتە بەر بدرێت.

هۆکاری خێرا هێنانی کەسێکی دەستبەسەرکراو بۆ بەردەم دادوەر، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاوی هۆکـارە یـاســـــاییەکانی دەســـــتگیرکردنی و لە کـاتی یاســـایبوونی دەســـتگیرکردنیشـــیدا، جگە لە دڵنیابوون لە ســـەلامەتی کەســـی دەســـتگیرکراو، ئایا بڕیار بدرێت بە بەردانی بە بەڵێننامە یان بارمتە، یانیش بڕیار بدرێت بە ڕاگرتنی.

### ٣-١-٦مافی تانەدان لە یاساییبوونی دەستگیرکردن

***((هەر کەسێک بە دەستگیرکردن یان دەســتبەســەرکردن ئازادیی خۆی لێ زەوت بکرێـت، مـافی ئەوەی هەیە***

*ڕەوانەی دادگایەکی بکات، بۆ ئەوەی ئەو دادگایە بەبێ دواکەوتن بڕیار لە بارەی یاسایی بوونی دەستبەسەرکردنییەوە بدات، لەگەڵ فەرمانی ئازادکردنی ئەگەر دەستبەسەرکردنەکە نایاسایی بێت.))*

بڕگەی ٤ لە مادەی ٩ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

هەموو کەسێکی دەستگیرکراو مافی ئەوەی هەیە تانە لە بڕیاری دادوەر بە دەستگیرکردنی لە بەردەم دادگایەکی بالاتردا، بدات و دەبێت ئەو دادگایە بەبێ دواکەوتن بڕیار لە بابەتی تانەکە بدات، جا بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دەستگیرکردنەکە و ئازادکردنی تۆمەتبار، یان پەسەندکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بە بڕیارێکی هۆداری یاسایی و واقعی.

### ٣-١-٧ بەکارهێنانی هێز بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار

دەبێت بەکارهێنانی هێز بۆ گرتنی تۆمەتبار، دوایین بژاردە بێت، پاش ئەوەی هەموو شێوازەکانی دیکەی ناچار کردن بۆ ئامادە کردنی تۆمەتبار تەواو بوون و ئەگەری ئەوە هەبێت کە تۆمەتبار هەوڵی هەڵهاتن یان بەرەنگاربوونەوە بدات، هەروەها دەبێت بەکارهێنانی

هێز بۆ ڕێگریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوە یان هەڵهاتن، گونجاو بێت.

لە بەرکارهێنانی هێزدا، دروست نییە پەنا بۆ کوشتن ببرێت، چونکە ئەوە لەگەڵ گریمانەی بێتاوانیدا ناکۆکە. هەروەها بەکارهێنانی هێز دژی تۆمەتباری نەوجەوان، لەگەڵ ئامانجی یاسای چاودێریی نەوجەوانانی ئێراقیدا ناگونجێت، کە گرنگیدانە بە نەوجەوانان و ناکۆکی لەگەڵ ئامانجی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەوجەوان)دا دروست دەکات.

## ٣-٢ گەرەنتیی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە کاتی وتەوەرگرتنی تۆمەتباردا

مەبەست لە وتە وەرگرتنی تۆمەتبار بریتییە لە گفتوگۆکردنی ورد لەگەڵی دەربارەی ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی، بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەڵگەکانی دژی و گوێگرتن لەوەی بۆ بەرگریکردن لە خۆی نیشانی دەدات.

لێپرسینەوە لە تۆمەتبار یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان، لە ڕوانگەی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەشەوە بە مەبەستی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی بەڵگەیە دەربارەی ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ تۆمەتبار و لە ڕوانگەی تۆمەتباریشەوە، ئامرازێکە

بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە پەیوەنـدیی بەو تـاوانەی دراوەتە پاڵی.

بۆیە لێپرسـینەوە لە تۆمەتبـار بۆ دەسـەڵاتی لێکۆڵینەوە ئەرکە و بۆ تۆمەتباریش ماف، پێشـێلکردنی ئەم ئەرکەش لە لایەکەوە دەبێتە پێشـێلکردنی مـافی بەرگری بۆ تۆمەتبار و لە لایەکی تریشـەوە هەڕەشـەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە، کە ئامانجی گەیشتنە بە ڕاستی. بۆیە پێویستە لە کاتی لێپرسینەوە لە تۆمەتباردا، بۆ ئەوەی دادپەروەری بەدەست بهێنرێت، ئەم پێوەرانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

### ٣-٢-١ سـپاردنی لێپرسـینەوە تەنیا بە دەسـەڵاتی لێکۆڵینەوە

بەهۆی ئەو مەترسییەی لە لێپرسینەوەدا هەیە، بەو پێیەی لە لایەک ڕێکـارێکی لێکۆڵینەوەیە و لە لایەکی دیکەشەوە ئامرازێکی بەرگرییە، یاسادانەر بە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی بنچینەیی سپاردووە.

هۆکاری پشت ئەم کارە بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی دەسـەڵاتی لێکۆڵینەوە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەری دادوەرییەوە، کە لە کەسـانی دیکە بە بابەتی لێکۆڵینەوەکان و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دۆسـیەکە لە قۆنـاغی لێکۆڵینەوەی بەراییـدا لە ڕوانگەی بـابەتی و

ڕێکارییەوە، شـــــارەزاترن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەرەنتیکردنی مافی تۆمەتبار و کەمنەکردنەوە لێیان.

## ٣-٢-٢ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی ئەو ڕووداوەی دراوەتە پاڵ تۆمەتبار بە زمانێک لێی تێبگات

***((هەر کەســـی تۆمەتێکی تاوانکاری درایە پاڵ .... دەبی دەســـتبەجی بە وردی و بەو زمانەی کە تێیدەگات لە ســـروشـــت و هۆی ئەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە، ئاگادار بکرێتەوە))***

ماددەی (١/١٤)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

لە کاتی لێپرسینەوە لە تۆمەتباردا، دەبێت دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادی، تۆمەتبار لەو بەڵگانەی دراونەتە پاڵی، تێبگەیەنێت. ئەمەش پەیوەندیی بە مافی بەرگریکردنی تۆمەتبارەوە هەیە، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو تاوانە بێت کە لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکرێت و ئەو بەڵگانەشـــی لەبەر دەســـتدان تا بتوانێت بۆچوونی خۆی دەربارەی تاوانەکە دەرببڕێت.

یاســـادانەری ئێراقی لە مادەی (١٢٣)ی یاســـای بنەماکانی دادگاییکردنی ســـزاییدا ئەمەی وەک مەرجێک دیاری کردووە، بۆیە ڕەچاونەکردنی هەڵەیەکی بنەڕەتییە لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەدا، کە لە ئەنجامیشدا ڕێکارەکە

هەڵدەوەشـــێنێتەوە.[2] ئەمەش لە مادەی ( ٢/٤٠/ب/٢)ی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵدا، ئاماژەی پێ کراوە.

### ٣-٢-٣ دەستەبەرکردنی مافی بەرگریکردنی تۆمەتبار لە کاتی لێپرسینەوەدا. ئەمەش ئەم خاڵانە دەگرێتەوە

### ٣-٢-٣-١ دەربڕینی لێدوانەکانی

ئەم بنەمـایە واتە تۆمەتبـار، مـافی ئەوەی هەیە بە ئـازادیـیەکـی تەواوەوە بەرگـری خـۆی لە دۆســـیە ســـزاییەکەیدا دەرببڕێت، بە جۆرێک مافی ئەوەی هەیە هەر بەڵگەنامەیەک یان یاداشـــتێک بۆ پشـــتیوانیی لە دیـدگـای خۆی بە گونجـاوی بزانێـت، بەبێ ئەوەی بە چەندێتییەکی دیاریکراو ســـنووردار بکرێت، بخاتە ڕوو، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی نابێت ڕێگە بە بەکارهێنانی هیچ جۆرە کاریگەرییەک لەســـەری بدرێت بە مەبەســـتی هاندانی بۆ ئەوەی بەبێ خواســـتی خۆی هەندێک لێدوان بدات.[3]

---

[2] ماددەی ( ٢٤٩ – أ )ی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی ئەو حاڵەتانەی دایریکردووە کە بە هۆیانەوە تانەی پێداچوونەوە لە بریارەکان دەدرێت.

[3] بڕوانە هەردوو ماددەی ( ١٢٣ – أ و ١٢٧ )ی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی .

### ٣-٢-٣-٢ هەبوونی بەرگریکار

***((هەر کەسێک تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی کارێکی تاوانکاری... ئەگەر توانای نەبێ پارێزەرێک بۆخۆی دابین بکات، بێ ئەوەی پارە بدات، دەبێت پارێزەرێکی بۆ دابین بکرێ.))***

ماددەی (١٤-٣-د)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا

دەستەبەرکردنی مافی بەرگری لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییدا، بەتایبەت لە کاتی وتە وەرگرتن تەنها ڕێگەدانی تۆمەتبار بۆ دانانی پارێزەر ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئاگادار بکرێتەوە کە بۆی هەیە پارێزەریک بەرگریکاری بێت و ناکرێت وتەی لێوەربگیرێت بە ئامادەبوونی ئەو پارێزەرە نەبێ کە خۆی دیاری کردووە یاخود لەسەر گەنجینەی گشتی بۆی دانراوە ئەگەر داوای کردبێ. ئاگادارنەکردنەوەی تۆمەتباریش لە بوونی ئەم مافەی هەڵەیەکی بنەڕەتیی پرۆسەی لیکۆڵینەوەیە و وادەکات ڕێکارەکە پووچەڵ بکرێتەوە.

ئەگەر تۆمەتبار نەوجەوان بێت، نابێت دانانی پارێزەر بۆی، بەند بێت بە وەرگرتنی بۆچوونییەوە، بەهۆی بێتواناییەوە لە هەڵسەنگاندنی وەها کارێکدا. دانانی پارێزەر بۆی لە هەموو حاڵەتەکاندا -جا داوای

بکات یان نەیکات، توانای دانانی پارێزەری هەبێت یان نەیبێت- بەرژەوەندیی نەوجەوانەکە بەدەست دەهێنێت.

مافی تۆمەتبار بۆ داوای هاوکاری لە پارێزەر لەگەڵ مافی بەرگریکردن لە خۆیدا ناکۆک نییە، ئەوەش مافە بنەڕەتییەکەیەتی کە ناتوانرێت سنووردار یان زەوت بکرێت، چونکە مافی بەرگریکردن لە خۆی، پێشمەرجی مافی هەڵبژاردنی پارێزەرە.

### ٣-٢-٣-٣ مافی بێدەنگبوون

***((هەر کەسێک تۆمەتێکی تاوانکاری دراوەتە پاڵ .... نابێ ناچار بکرێ گەواهی لە دژی خۆی بدات ...))***

ماددەی (١٤-٣-ز)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

تۆمەتبار ئازادیی تەواوەتیی هەیە بەوەی بێدەنگ بێت و خۆی لەو پرسیارانەی لێی دەکرێن، بپارێزێت، جا هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێبازە دەگرێتە بەر، یان لە هەمبەر هەندێک پرسیاردا بێدەنگ دەبێت. واتە تۆمەتبار مۆڵەتی یاسایی هەیە بەوەی هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر بەڵگەکانی تۆمەتبارکردن بنوێنێت، بە جۆرێک کە بە وەڵامدانەوەی ئەو بەڵگانەوە پابەند نەبێت.

یاسادانەری ئێراقی زۆر بە ڕوونی جەختی لە سەر ئەم مافەی تۆمەتبار کردووە لە ماددەی ( ١٢٦ – ب ) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی .

### ٣-٢-٣-٤ کارنەکردنە سەر تۆمەتبار لە کاتی وتە وەرگرتندا

***((ناتوانرێت هیچ کەسێک تووشی ئەشکەنجە، مامەڵەی دڕندانە، نامرۆڤانە یان ڕیسواکارانە بکرێت.))***

مادەی ٤ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

***((نابێت هیچ کەسێک تووشی ئەشکەنجە و مامەڵەی دڕندانە و نامرۆڤانە و ڕیسواکارانە، بکرێت))***

مادەی ٧ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیشدا

جگە لەم دەقانە، لە مادەی ١١ی هەمان پەیماننامە، واتە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان پێ لەسەر ئەوە داگیراوە، کە هەموو ئەو کەسانەی لە ئازادییان بێبەش کراون، بە شێوەیەکی مرۆڤانە، بە ڕێزگرتن لە کەرامەتی سروشتیی مرۆڤ، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پاراستنی ئازادیی تۆمەتبار لە کاتی وتە وەرگرتندا، یەکێکە لە گەرەنتییەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە.

بۆیە دەبێت ڕێ لەوە بگیرێت، کە بە هەر شـــێوەیەک کاریگەری لەســـەر تۆمەتبار دروســـت بکات، جا ئەو کاریگەرییە بە ڕێگەی مەعنەوی بێت یان مادی.

هەروەها دەبێت تۆمەتبار لە نهێنیی لێکۆڵینەوەکە و هەموو ئەو زانیارییانەی تێیدا هاتوون، دڵنیا بکرێتەوە و نابێت لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەکە درێژ بکاتەوە. چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ماندووکردنی تۆمەتبار و کاریگەریی لەسەر ویستی دەبێت، کە ڕەنگە ناچاری بکات لەبەر کاریگەری ئەو بارودۆخە دەروونییە ســـەختەی پێیدا تێدەپەڕێت، ددان بەتاوانەکەدا بنێت.

شـایانی باسـە، دەبێ لێکۆڵەر بۆ ئاسـاییکردنەوەی دۆخی دەروونی تۆمەتبار، ماوەی پشـوودانی پێویسـتی بداتێ، تەنانەت ئەگەر ناچار بێت لێکۆڵینەوەکە دوا بخات.

جێی خۆیەتی لێرەدا بوترێـت، پێشـــێلکردنی هەر مافێکی یاســـایی تۆمەتبار، مامەڵەیەکی نامرۆڤانەیە و دەکرێـت بەو بیـانووەوە تـانە لە بڕیـارەکـانی ڕاگرتن بـدرێت. بەپێی مـادەی ( ٣/١٤/ز)ی پەیمـاننـامەی مـافە مەدەنی و ســیاســییەکان، نابێت تۆمەتبار ناچار بکرێت، دژی خۆی شایەتیی بدات یان ددان بە تاوانەکەیدا بنێت. بۆیە پێویســـتە ددانپێـدانـانەکە بە زۆرەملێ یـان بە بەکارهێنانی ئامرازی نـایـاســـایی لە دژی، نەبووبێت شایانی هێما بۆ کردنە، ماددەکانی ١٢٧ و ٢١٨ لە یاسای

بنەماکانی دادگایی ســزایی ئێراقی ژمارە ١٢٣ی ســاڵی ١٩٧١ ئەم مافە لە ئاستی نێوخۆدا دەستەبەر دەکەن.

### ٣-٣ مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە کاتی ڕاگرتنی تۆمەتباردا

ڕاگرتنی تۆمەتبــار ڕێکــارێکی خۆپــارێزییە، کە بەرژەوەندیی لێکۆڵینەوە لە هەندێک حاڵەتدا پێویســتە بۆ پاراســتنی بەڵگەکانی تاوانەکە و ڕێگریکردن لە هەڵهاتنی تۆمەتبــار. دەبێــت ڕاگرتنی تۆمەتبــار وەک ڕێکــارێکی خۆپــارێزی بێــت، نەک وەک ســـزادان و دەبێــت لە تەسکترین سنووریشدا بێت. پێویستە لە کاتی ڕاگرتنیدا، ئەم گەرەنتییانەی خوارەوە بدرێنە تۆمەتبار:

### ٣-٣-١ مافی تۆمەتباری ڕاگیراو بۆ پەیوەندیبەســـتن لەگەڵ جیهانی دەرەوە

***((لە ژێر جاودێری پێویســتدا، ڕێگە بە زیندانیکراوان دەدرێ پەیوەندی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیاندا ببەستن... ))***

ڕێسای (٥٨)ی ڕێساکانی نیلسۆن ماندێلا

هەر تۆمەتبــارێکی ڕاگیراو، مــافی ئەوەی هەیە ئەو ئاسـانکارییانەی بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ پارێزەرەکەی و

ئەندامانی خێزانەکەی و هاوڕێکانی پێویستن، دابین بکرێن. دەبێت پەیوەندیی تۆمەتبار لەگەڵ پارێزەرەکەیدا، لە چوارچێوەی نهێنی و دوور لە چاودێریکردن بێت.

ئەگەر تۆمەتبار بیانیی بوو، دەبێت لە پەیوەندیکردن بە باڵیۆزخانە، کونسوڵخانە، یان هەر ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتییەوە ئاسانکاری بۆ بکرێت.

## ٣-٣-٢ مافی دانانی ڕاگیراو لە شوێنێکی فەرمیی دەستنیشانکراو بۆ ڕاگرتنی تۆمەتباران

هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی ڕاگرتنەوە ئازادییان لێ زەوت کراوە، دەبێت لە شوێنە فەرمییەکانی ڕاگرتنی تۆمەتباراندا دابنرێن، هەروەها تۆمارێکی فەرمیی هەبێت، کە ناوی هەر دەستگیرکراوێک و ئەو تاوانەی بەهۆیەوە دەستگیر کراوە و ڕێکەوتی دەستپێکردنی و کۆتایهاتنی هەرجارێکی ڕاگرتنی، تیدا تۆمار کرابێت.

## ٣-٣-٣ درێژەپێنەدانی ڕاگرتن ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوە پێویست نەبێت

- بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی، ئەگەر ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ تۆمەتبار سزاکەی سێ ساڵ یان کەمتر، یان پێبژاردن (غەرامە) بێت، ئاراستەی

دروســـــت ئەوەیە تۆمەتبار بە بارمتە یان بە بەڵێننامە، ئازاد بکرێت و ڕانەگیرێت، مەگەر پاســـــاوێکی بەهێز و ئاوەزپەسـەند بۆ بەردەوامبوونی ڕاگرتنی هەبێت. – هەر لەو جۆرە تـاوانانەدا، ئەگەر ئەنجـامدەری تـاوانی هەڵە، مێینە بێــت، ئەوا نــابێــت لە قۆنــاغی لێکۆڵینەوە و دادگــاییکردنـدا ڕابگیرێــت تــا بڕیــاری یەکلاکەرەوەی دۆسیەکە دەردەچێت.[٤]

- لەبەر ئەوەی ڕاگرتنی تۆمەتبار ئامانجی پاراســـــتنی بەڵگەکـانی تـاوانەکەیە لە ونبوون و ڕێگریکردنە لە هەڵهـاتنی تۆمەتبـار، پێویســـــتە بەکـارهێنـانی لە تاوانەکانی هەڵە و تاوانەکانی مەترســـی دروســـتکەر (جـرائـم الـخـطـر)دا کەمـتـریـن بـێــت، چـونـکە ئەو مەترسییانە لەو جۆرە تاوانانەدا کەمترن.

- لە تاوانی ســــەرپێچی (مخالفات)دا دەرکردنی بڕیاری ڕاگـرتـنـی تـۆمەتـبــار، هەڵەیەکـی بـنەڕەتـیـیە لە ڕێکارەکاندا، ئەگەر تۆمەتبار شـوێنی نیشـتەجێبوونی ناسـراوی هەبێت و کەسـێک هەبێت ببێتە دەسـتەبەر (کەفیل)ی، یانیش ئەگەر توانی بڕی دەســـتەبەرییەکە بە نەختینە دابنێت.

---

[٤] بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوە ، ژمارە ١٠١ لە ١٩٩٩.

- له ئەگەری دەســـتگیرکردنی نەوجەواناندا، پێویســـتە جگە لەو تـاوانـانەی لە یـاســـاکـانـدا ســـزای لەســـێدارەدانیان بۆ بڕاوەتەوە، ڕاگرتنی تۆمەتبار بە مەبەســتی پشــکنین و لێکۆڵینەوە لە کەســێتیی بێت. خێراکردنی ئـامـادەکردنی ڕاپۆرتی نووســـینگەی توێژینەوەی کەســـی، لە درێژنەکردنەوەی ڕاگرتنی تۆمەتباری نەوجەواندا، یارمەتیدەرە.

- ماوەتەوە بڵێین لە تاوانە تیرۆریســـتییەکاندا دەبێت بەرژەوەندیی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت، لە بەر ئەوەی یاســای چاودێریی نەوجەوانانی ژمارە ٧٦ی ســاڵی ١٩٨٣ی هەموارکراویشدا چەند پێوەریکی بۆ ڕاگرتنی نەوجەوانان، دیاری کردووە، پێویستە ئەو پێوەرانەی لە مادەی( ٥٢ )ی ئەو یاســایەدا هاتوون، لە ڕاگرتنی تۆمەتباردا بەبێ ئەوەی ڕەچاوی سروشتی تاوانەکە بکرێت، ڕەچاو بکرێن. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو مادەیە، ئەگەر تاوانێکی تیرۆریســـتی درایە پاڵ تۆمەتبارێکی نەوجەوان، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت:

- ئەگەر تاوانەکە سزاکەی لەسێدارەدان بوو و ئەویش چواردە ســـاڵ تەمەنی تەواو کردبوو، ئەوکات بڕیار دەدرێت بە ڕاگراتنی. واتە ئەگەر تەمەنی لەوە کەمتر بوو، مەرج نییە ڕابگیرێت.

- ئەگەریش تۆمەتباری نەوجەوان، تاوانێکی تیرۆریستیی جۆری گەورەکەتن (جنایە) ی درایە پاڵ و سـزاکەی زیندانکردنی هەتاهەتایی یان کاتی بوو، یان تاوانەکە جۆری کەتن بوو، ئەوا دەکرێت تەنیا بە مەبەسـتی توێژینەوەی کەسـی و کۆمەڵایەتی بۆ بـارودۆخی نەوجەوان، یـان لە کـاتی نەبوونی دەسـتەبەردا، ڕابگیرێت.

## ٣-٣-٤ مافی تۆمەتباری ڕاگیراو بۆ تانەدان لە بڕیاری ڕاگرتنی

بـڕیـاری ڕاگـرتـن، هەرچەنـدە بـڕیـارێـکـی یەکلاکەرەوەش نییە، یەکێکە لەو بڕیـارانەی کـاریگەریی لەسەر ئازادیی تاک هەیە، لە بەر ئەوە شیاوی تانەلێدانە بە تەنها بە ڕێگەی پێداچوونەوە ( التمييز) ، بۆیە دەبێت بڕیاری ڕاگرتن هۆکارە لۆژیکی و یاسـایی یەکانی تێدا تۆمار کرابێت لە پێناو هەلسـەنگاندنی دروسـت بۆ بڕیارەکە لە کاتی بینینی تانەکە .

وە بۆ پـاراسـتنی ئـازادیی تۆمەتبـاری ڕاگیراو و گەیشـتن بە دادگاییکردنی خێرا و دادپەروەر، دەبێت بە خێرایی بڕیار لەسەر تانەدانەکە بدرێت.

### ٣-٤ مافی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شایەتحاڵەکاندا

***((هەر کەسێک تۆمەتێکی تاوانکاری درایە پاڵ ... لەلایەن خۆی یان کەسانی دیکەوە، لە شایەتحاڵەکانی تۆمەتەکە بکۆڵێتەوە. وەرگرتنی ڕەزامەندیی بۆ بانگهێشتکردنی شایەتحاڵانی بەرگری، لە سایەی هەمان مەرجەکانی دۆسیەی شایەتحاڵانی داواکاری گشتیدا دەبێت.))***

مادەی ١٤(٣/هـ)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی شایەتەکانی سەلماندن یان هەر شایەتێکی تر، ببێتەوە. ڕێزگرتن لەم بنەمایە و بە دیهێنانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، یەکێکە لە پێداویستی ئامادەبوون لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و دەستەبەرکردنی مافی بەرگریکردن و لەگەڵ سروشتی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی بەراییدا یەک دەگرێتەوە کە لایەنەکانی داوای سزایی مافی ئامادەبوونی ڕێکارەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بەڵگەکانیان هەیە ، چونکە دەرفەتێک بۆ ڕکەبەر لە ڕێگەیەوە پێک دەهێنێت تا هەر ڕکەبەرێت هەوڵ بدات بەڵگە و تۆمەتەکانی بەرامبەرەکەی پووچەڵ بکاتەوە. بۆیە دادپەروەری وا دەخوازێت هەر ڕکەبەرێک بزانێت بەرامبەرەکەی لە

لێکۆڵینەوەکەدا چی دەخـــاتە ڕوو، بۆ ئەوەی بتوانێــت دیدگای خۆی لە بارەیەوە دەرببڕێت.

بەو پێیەی تۆمارکردنی وتەی شایەتحاڵەکان یەکێکە لە ڕێکـارەکـانی لێکۆڵینەوە بەراییەکـان، تۆمەتبـار مـافی ئەوەی هەیە لە کاتی بیســـــتنی وتەی شــــــایەتحاڵەکاندا ئـامـادە بێت، بۆ ئەوەی مـافی هەبێت گفتوگۆ لەســـــەر شــایەتحاڵەکە بکات و پرســیاری ئاراســتە بکات. ئەمەش یارمەتیدەرە لە ئاشکراکردنی ڕاستیی ئەو ڕووداوەی بە تۆمەتبارەوە دەلکێنرێت و لە ئەنجامیشدا یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی خێرای کەیسەکان.

یاســـا دانەری ئێراقی لە مادەی ( ٦٣/ب) لە یاســـای بنەماکانی دادگایی سـزاییدا، بە پێویسـتی زانیوە ڕێگە بە تۆمەتبـار و لایەنەکـانی تر بـدرێـت، کە تێبینیی خۆیـان لەسەر شایەتیی شایەتحاڵ بڵێن و بۆشیان هەبێت داوای گفتوگۆ لەگەل شــــــایەتحــاڵــدا بکەن، کە ئەمەش وا دەخوازێت تۆمەتبار لە ســـــەروەختی وەرگرتنی وتەی شـــــــایەتحـاڵـدا ئـامـادە بێـت و ڕووبەڕووی ببێتەوە. جێبەجێکردنی ئەم مادەیە، لە لایەکەوە بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاســــــتـیەکــان و لە لایەکـی تـریشــــــەوە بـۆ زوو یەکلاییبوونەوەی دۆسیەکان یارمەتیدەر دەبێت.

## ٣-٥ پاراستنی مافی تایبەتمەندی لە کاتی پشکنیندا

***((نابێ بە شێوەیەکی ناڕەوا و ملهوڕانە دەســـت وەربدرێتە نێو ژیانی تایبەتی هیچ کەسێک، یان بنەماڵەکەی یان ماڵ و نامە و نامەکارییەکانی ....)).***

ماددەی (١٢)ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ

پشـــکنین ڕێکـاریکی لێکۆڵینەوەیە بە ئـامـانجی دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەی تاوانێک، بە گەڕان بەدوایدا لای کەســەکە خۆی، لە ماڵەکەی، یان لە هەر شـوێنێکی ژێر دەستیدا.

بۆیە پشـکنین بریتییە لە پشـکنینی تایبەتمەندیی ئەو کەسەی بڕیاری پشکنینی بۆ دەرچووە، یان شوێنێک کە یاسا تایبەتمەندیی تایبەتی پێ دەبەخشێت بە مەبەستی گەڕان بەدوای ئەوەی کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەیە.

بەو پێیەی مافی پاراســـتنی تایبەتمەندی جێگەیەکی گرنگی لە پەیمـاننـامە نێودەوڵەتییەکـانـدا هەیە، جگە لە مـادەی ١٢ی جـاڕنـامەی گەردوونیی مـافەکـانی مرۆڤ، مادەی ١٧ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مـادەی ١٦ی ڕێککەوتننـامەی مـافەکـانی منداڵدا هـاتووە. هەروەها پاراســـتنی مافی تایبەتمەندی لە مادەی ١٧ی دەستووری ئێراقدا، جێگیر کراوە.

لەبەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە، دەبێت دەستوەردان لە مافی کەسێک بۆ پاراستنی نهێنی لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لە کەیسەکاندا، سیمایەکی یاسایی هەبێت و خزمەت بە ئامانجێکی ڕەوا بکات. بۆیە دروست نییە جگە لە گەڕان بەدوای بەڵگەی فیزیکی لە تاوانێکی جۆری گەورەکەتن (جناية) یان کەتندا، پەنا بۆ پشکنین ببرێت.

پشکنینی هیچ کەسێک، چوونەژوورەوە یان پشکنینی ماڵەکەی، یان هەر شوێنێک لە ژێر دەستیدایە، ڕێگەپێدراو نییە، مەگەر لەو هەلومەرجەی لە یاساکەدا دیاری کراوە و لەسەر بنەمای بڕیارێکی دادوەر، دادگا، یان ئەندامی بەرزەفتی دادوەری لە حاڵەتی تاوانی بینراودا. پێویستە هەرکاتێک بەڵگە بە ڕێگەی ترەوە دەست بکەوێت، پەنا بۆ پشکنین نەبرێت.

لە پشکنیندا پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێز، دروست نییە، مەگەر لە حاڵەتی بەرەنگاربوونەوە بەرامبەری و بە ڕادەیەکی گونجاو کە سروشتی پشکنینەکە دەیخوازێت.

تەنیا ئەو شتانەشی کە پشکنینەکەیان بۆ بڕیاردراوە، یان ئەو شتانەی لە خۆیاندا تاوان پێک دەهێنن، یان یارمەتیدەرن لە دۆزینەوەی تاوانێکی تردا، دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

سەبارەت بە کەلوپەلەکانی تریش، ئەگەر دەرکەوت هیچ سوودیان بۆ لێکۆڵینەوە نییە و هەڵگرتن و دەستخستنیان تاوان نییە، دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان. ئەگەر لە کاتی پشکنیندا کەلوپەلی کەسیی تایبەت، وەک وێنەو نامە، دەستیان بەسەردا گیرا، تەنیا دادوەر، یان لێکۆڵەری دادی، یان ئەفسەری پشکنەر بۆیان هەیە تێیان بڕوانن و لە کاتی نەبوونی سوود بۆ لێکۆڵینەوەدا، دەستبەجێ بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنیان. لە پێناو پاراستنی نهێنیی تاکەکەسدا، نابێت شتی تایبەتی وەک وێنەو نامە، کە سوودیان بۆ لێکۆڵینەوە نییە، لە ناو دۆسیەی لێکۆڵینەوەدا بهێڵرێنەوە.

### ٣-٦ پاراستنی نهێنیی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی بەرایی

بەپێی مادەی ١٢ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، نابێت هیچ کەسێک بە زۆرەملێ لە ژیانی تایبەت، خێزان، ماڵ، یان پەیوەندیگرتنی تایبەتدا دەست وەربدات و هەموو کەسێک مافی پاراستنی یاسایی لە بەرامبەر ئەو دەستوەردانانەدا، هەیە.

مادەی ١٧ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیش تایبەتە بەوەی نابێت هیچ کەسێک بە زۆرەملێ یان نایاسایی، دەست لە تایبەتمەندیی، کاروباری خێزانیی، ماڵەوە، یان پەیوەندیگرتنی

وەربدرێت و هەموو کەسێک مافی پاراستنی یاسایی لەو دەستوەردان یان پێشێلکارییانەدا هەیە.

له ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ مادەی (٢/٤٠/ب/٧)دا هاتووە: "دڵنیابوون له ڕێزگرتنی تەواو بۆ ژیانی تایبەتی خۆی له هەموو قۆناغەکانی دۆسیەکەدا".

بەپێی دەستووری ئێراق و مادەی ( ١٧/یەکەم)، هەموو تاکێک مافی تایبەتیی خۆی هەیە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ مافی کەسانی دیکە و ئادابی گشتیدا ناکۆک نەبێت.

بۆ پێڕەوکردنی ئەم بنەما نێو دەوڵەتی و ناوخۆییە، یاسادانەری ئێراقی لە مادەی( ٥٧/أ)ی یاسای بنەماکانی دادگایی سزاییدا، تەنیا ڕێگە بە لایەنەکانی دۆسیە سزاییەکە و بریکارەکانیان دەدات ، کە لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی بەراییدا ئامادە بن، دەسەلاتی لێکۆڵینەوەش مافی خۆیەتی، ئەگەر پێویستیی لیکۆڵینەوە وا بخوازێت، ڕێ لەوانەش بگرێت.

جگە لە لایەنەکانی دۆسیەی تاوان، کەسی تر بۆی نییە ئامادەی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە بێت، مەگەر ڕەزامەندیی دادوەری لێکۆڵینەوەی بۆ وەرگیرابێت (مادەی ٥٧ /ج).

یاسادانەر لە یاسای سزادانی ئێراقیدا، بەپێی مادەی ٢٣٦ی یاســاکە، ئاشــکراکردنی نهێنییەکانی لێکۆڵینەوەی بە تاوان داناوە.

بۆیە بۆ دڵنیــابوون لە نهێنیی لێکۆڵینەوەی بەرایی، نــابێـت ڕێگە بە خەڵـک بـدرێـت بچنە ئەو شــــوێنەی لێکۆڵینەوەکەی تێـدا بەڕێوە دەچێـت؛ نــابێـت تۆمــاری لێکۆڵینەوەکان بۆ زانیاریی گشتی بخرێنە ڕوو، هەروەک نــابێـت ڕۆژنــامە و دەزگــاکــانی دیکەی ڕاگەیـانـدنیش پەخشیان بکەن.

گومــانی لەوەدا نییە بنەمــای نهێنیی لێکۆڵینەوە، ئامرازێکی ڕێکارانەیە بۆ پاراستنی بەڵگەکان و پاراستنی مــافی لایەنەکــانی داواکە و دەســــەڵاتی لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی ڕای گشتی. پاراستنی مافی لایەنەکانی داوای سزایی، بە تۆمەتبارانیشەوە (بە پاراستنی ژیانی تایبەتی خۆیان و ڕانەگەیاندنی بۆ ڕای گشتی)، یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی نهێنیی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی لەســەر بنیات نراوە، کە ئەوەش لەگەڵ بنەمــای گریمــانەی بێتــاوانیی تۆمەتباردا وێک دێتەوە.

ئەرکی پــاراســــتنی نهێنیی لێکۆڵینەوەی بەرایی و ئەنجامەکانی، ئەو کەســــانەشـــــی بەرکەوتنیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا هەیە، دەگرێتەوە، وەک شــــایەتحاڵەکان، ئەوانەی بەهۆی کــارەکەیـانەوە ئـامـادەی لێکۆڵینەوەکەن،

وەک فەرمانبەرانی گشتی کە لێدوانەکانیان بەپێی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، داوا کراوە، یان ئەوانەی بەهۆی پیشەکەیانەوە بەشداری لێکۆڵینەوەکە دەکەن، وەک دادوەر و پارێزەر و لێکۆڵەر.

لە ئەگەری پێشێلکردنی نهێنیی لێکۆڵینەوەدا، جوڵاندنی دۆسیەی تاوانکاری لە ئەستۆی داواکاری گشتیدایە، چونکە ئەوە یەک لەو تاوانانەیە کە بۆ جوڵاندنی داوای سزایی، پێویستیی بە سکاڵا نییە و پێویستە لەلایەن داواکاری گشتییەوە دۆسیەی سزایی دژی تۆمەتباران، بجوڵێنرێت.

هەروەها دادگا سزاییەکان لە کاتی بینینی دۆسیەی داواکاندا (ئەگەر زانییان تاوانێکی لەو جۆرە ڕووی داوە) دەتوانن بڕیار بدەن بە کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ کەسی گومانلێکراو و بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست لەو ڕووەوە، ئاگاداری دادوەری لیکۆڵینەوە بکەنەوە.

# بەشی چوارەم

## بنەماکانی دادگایی دادپەروەرانە لە قۆناغی دادگاییدا

### ٤-١ مافی یەکسانی لە بەردەم یاسا و دادگادا

***((هەمووان لە بەردەم یاسادا یەکسانن، هەمووان یەکسانن لە مافی شادبوون بە پاراستنی یاسایی بەبێ جیاکاری. هەروەها یەکسانن لە مافی شادبوون بە پاراستن دژی هەر جیاکارییەک کە دەبێتە پێشێلکاری بۆ ئەم جاڕنامەیە و لە هەر هاندانێک بۆ هەر شێوەیەک لەو جیاکارییە.))***

ماددەی (٧)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

***((هەمووان لەبەر دەم دادگادا یەکسانن ...))***

ماددەی (١٤)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((ئێراقییەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، نەژاد،***

***نەتەوە، بنەچە، ڕەنگ، ئاین، مەزەب، باوەڕ یان بۆچوون، یان بارودۆخی ئابووری یان کۆمەڵایەتی.))***

ماددەی (١٤)ی دەستووری کۆماری ئێراق

***(( هەموو کەسێک مافی هەیە لە ڕێکارە دادوەری و کارگێڕییەکاندا دادپەروەرانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.))***

ماددەی (١٩)ی دەستووری کۆماری ئێراق

یەکسانی (لەگەڵ ئازادی) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شادبوونی مرۆڤ بە سەرجەم مافەکانی، یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا بە سەروەریی یاساوە پەیوەستە، چونکە سەروەریی یاسا کاتێک دەبێت کە یاسا بەسەر هەموو کەسەکان (چ ئاسایی و چ سروشتی) بچەسپێنرێت.

یاساش پێدانی ماف و سەپاندنی ئەرکە. لێرەوە و بۆ چەسپاندنی یاساکان، جا یاسا بابەتییەکان بن یاخود یاسا ڕیکارییەکان، ئەوانە دەگرێتەوە کە یاساکە خەسڵەتەکانیان دیاری دەکات، چونکە یاسا بەپێی خەسڵە نەک وەک خۆیان، بەسەر کەسەکاندا دەسەپێت. بەڵام جیاوازییەک هەیە لە بواری ماف و چەسپاندنی یاسا لە نێوان یاسای مافەکانی مرۆڤ و یاسا

نیشتمانییەکاندا؛ چەمکی مرۆڤبوون خەسڵەتی سەرەکییە بۆ شـــادبوون بە مافەکانی مرۆڤ، لەکاتێکدا لە بواری یاســا نیشــتمانییەکاندا، خەســڵەتەکان بەپێی بواری چەســپاندنی یاســاکە بەســەر کەســێک یان کۆمەڵە کەسانێکدا دیاری دەکرێن.

یەکسـانی لە بەردەم یاسـادا دەخوازێت کە بە هۆی ڕەگەز، نەتەوە، نەژاد، ئاین و هۆکاری ترەوە، جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکـانـدا نەکرێـت. چونکە جیـاکـاری پێچەوانەی شـــادبوون بە مافەکانی مرۆڤە، بە واتایەکی دیکە خەســـڵەتی مرۆڤبوون بۆ بەرپەرچدانەوەی دانانی هەر جیاکارییەکە بە هەر هۆیەکەوە بێت، بە مەبەســـتی شـــادبوونی مرۆڤ بە مافەکانی. دەرچەی گەیشـــتن بە مافەکانیش بریتییە لە یەکسـانیی لە بەردەم یاسـادا. واتا یاســا ســەرچاوەی گەیشــتنە بە مافەکان، چونکە یاســا ماف دەبەخشێت و دەیپارێزێت. لە بابەتی جیاکاری تەنیا ئەو جیاکارییانە ڕێگەپێدراون کە بریتیین لە هۆیەک بۆ پێدانی ماف و بەدیهێنانی دادپەروەری پشـتئەسـتوور بە داوپێنگی بابەتی و ئاوەزپەسەند (معقول).

بابەتی یەکســانیی لە بەردەم دادگادا، پەیوەســتە بە بابەتی یەکســـانی لە بەردەم یاســـاوە، چونکە بنەمای گەرەنتی مــافی لایەنەکــانی هەر داوایەک لە بەردەم دادگادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاســـایانەی دادگا لەســـەر بابەتی کێشــەی بەردەم دادگا پیادە دەبن. یەکســانی لە

بەردەم دادگــادا بنەمــایەکی بنچینەیی بەســـــتراوە بە دادگـایی دادپەروەرەوە، بەبێ بوونی ئەو بنەمـایە کە بە یەکسـانی سـەیری لایەنەکانی بەردەم دادگا بکرێت، بەبێ جیاکاری بەهۆی نەتەوە، ڕەنگ، ڕەگەز، ئاین و ... هتد، نــاتوانرێــت بــاس لە ئەنجـامی دادپەروەرانەی دادگـایی بکرێت.

یەکســـــانی لە بەردەم دادگادا واتە مرۆڤەکان بەبێ جیاکاری و بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی نەتەوە و ئاین و ڕەگەز و ... هتد بتوانن کێشــــەکانیـان ببەنە بەردەم دادگا و بەبێ جیاکاری یاســـا بەســـــەر کێشــــەکەیاندا جێبەجێ بکرێــت. هەروەتر لە میــانەی ئەم بنەمــایەوە هەموو ئەو کەسانەشی دەچنە بەردەم دادگای دەوڵەتێکی بێگــانە (گەر خــاوەن هیچ وڵاتنــامەیەکیش نەبن) مــافی یەکســـانییان لەبەردەم دادگادا وەک هاوڵاتییانی وڵاتەکە، هەیە. لایەنــێــکــی گــرنــگــی ئەم بــابەتە بــریــتــیــە لە فەراهەمکردنی مافی ژنان لە مافی یەکســـانی لە بەردەم دادگادا.

### ٤-٢ یاساییبوونی دادگا

***(( ... هەرکەسیک تۆمەتێکی تاوانکاری بدرێتە پاڵ ... مافی خۆیەتی کەیسەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا لە لایەن دادگایەکی پسپۆڕ و سەربەخۆ و بێلایەنەوە کە بە گوێرەی یاسا پێکهاتووە، تەماشا بکرێ ...))***

ماددەی (١٤)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

مەبەست لە یاساییبوونی دادگا ئەوەیە کە دادگا بەپێی یاسا پێک هاتبێت. لێرەدا دوو خاڵی گرنگ جێی سەرنجن،کە هەردووکیان واتای ڕەخساندنی متمانە بە دادگا و سەربەخۆیی دادگا دەگەیەنن:

یەکەم: چوارچێوەی یاسایی دەسەڵاتی دادوەری.

دووەم: پێکهێنانی دادگاکان پاڵپشت بە یاسا.

خاڵی یەکەم پەیوەستە بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە. دەبێت ئەم دەسەڵاتەش بەپێی یاسا پێک هێنرابێت، چونکە تەنیا پاڵپشتە یاساییەکەیە ڕەوایەتیی بە دەسەڵاتی دادوەری دەدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیدا دادگا دابمەزرێنێت. بنەمای یاسایی

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستوور کە دەسەڵاتە گشتییەکانی وەک یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، دادەمەزرێنێت. بەو پێیەشی دەستوور بنەما گشتییەکانی حکومڕانی لەخۆ دەگرێت، دەسەڵات دەداتە پەرلەمان بۆ دانانی یاسای تایبەت بە دامەزراوەی دادوەری. کۆی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ویستی گەل لە پێکهێنانی دەسەڵاتە گشتییەکان. ئەمەش خاڵێکی گرنگی کۆمەڵە دیموکراتەکانە لە ڕووی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕێگرتن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دامەرزاندنی دادگا.

خاڵی دووەم بریتییە لە پاڵپشتیی یاسایی بۆ دامەزراندنی دادگاکان. ئەم پاڵپشتییە دەشێت دەستوور یان یاسای دەسەڵاتی دادوەری بێت. بۆیە ئەم بابەتە بە پلەبەندیی یاساکانەوە پەیوەستە، کە پێویستە بەرزترین یاسای نیشتمانیی ناوخۆ، کە یاسای دەستوورییە، بنەمای پێکهێنانی دەسەڵاتی دادوەری و تەرخانی ئەم دەسەڵاتە لەخۆ بگرێت. ئەمەش وا دەکات یاسادانەری ئاسایی نەتوانێت هەمواری یاسای دەسەڵاتی دادوەری بکات. بەڵام بۆ هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی خاوەنی دەستوور نییە، بنەمای یاسایی دەسەڵاتی دادوەری بریتییە لە یاسای ئاسایی، کە خۆی لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧دا دەبینێتەوە. لەبەر ئەوەی بنەمای یاسایی دەسەڵاتی

دادوەری لە هەرێمی کوردستان، یاسای ئاساییە نەک دەستووری، هەمیشە شیاوی هەموار و دەستکاریکردنە لەلایەن پەرلەمانەوە.

بنەمای یاساییبوونی دادگا، چەند ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە، وەک:

- گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی مافی دادخوازان بە یاسا.
- چەسپاندنی مافی یەکسانییە لە بەردەم دادگادا.
- ڕێگرە لە دەستوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی دادوەرییدا.
- ڕێگرە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بە بڕیاری کارگێڕی یان دەرکردنی پێڕەو و ڕێنماییەکان، دادگا دابمەزرێنێت.
- ڕێگرتنە لە یەکلاییکردنەوەی کێشە یاساییەکان لەلایەن دەستە یان لایەنێکی نادادوەرییەوە.

## ٤-٣ سەربەخۆیی دادگا، دادگایی ئاشکرا

***((هەموو مرۆڤێک مافی هەیە بەوپەڕی یەکسانییەوە لە دادگای سەربەخۆ و بێلایەندا دۆزەکەی بە ئاشکرا و دادپەروەرانە یەکلا بکرێتەوە، چ ماف و ئەرکی بێت، یاخود لە هەر تۆمەتێکی سزایی کە ئاراستەی کرابێت.))***

مادەی ١٠ لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

***(( ... هەرکەسیک تۆمەتێکی تاوانکاری بدرێتە پاڵ ... مافی خۆیەتی کەیسەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا لە لایەن دادگایەکی پسپۆڕ و سەربەخۆ و بێلایەنەوە کە بە گوێرەی یاسا پێکهاتووە، تەماشا بکرێ ...))***

ماددەی (١٤)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((دانیشتنەکانی دادگا ئاشکرایە، مەگەر دادگا بڕیار بدات لەسەر نهێنیبوونیان.))***

مادەی ١٩ (حەوتەم)ی دەستووری کۆماری ئێراق

***((دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و پراوە دەکرێت لەلایەن دادگاکانەوە بە جیاوازیی جۆر و پلەکانیانەوە و بڕیارەکانیان بەگوێرەی یاسا دەردەچن.))***

مادەی ٨٧ ی دەستووری کۆماری ئێراق

***((دادوەران سەربەخۆن، جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێک لە سەروویانەوە نییە. هیچ دەسەڵاتێک بۆی نییە دەست لە***

***دادگا یان کاروباری دادپەروەری وەربدات.))***

مادەی ٨٨ ی دەستووری کۆماری ئێراق

***((دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیە و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێک لە سەروویەوە نییە.))***

ماددەی (٢)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان (ژمارە٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧)

***((دانیشتنەکانی دادگا ئاشکرایە، مەگەر دادگا بۆ ڕەچاوکردنی سیستمی گشتی و ئاداب یان بۆ ڕێزی خێزان، بیکات بە نهێنی، بە مەرجێک خوێندنەوەی حوکمی دادگا بە ئاشکرا بێت لە دانیشتنێکی ئاشکرادا.))***

ماددەی (٧)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان (ژمارە٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧)

***((پێویستە دانیشتنەکانی دادگایی ئاشکرا بن ئەگەر دادگا بە ڕەچاوکردنی ئاسایش و ئاداب بڕیاری نەدابێت بەشێکیان یان هەموویان نهێنی بن، کە جگە لە کەسە پەیوەندیدارەکان بە داواکەوە، کەسی***

***تر ئامادە نەبێت، دادگا بۆی هەیە ڕێگە بە ئامادەبوونی توێژێکی دیاریکراوی خەڵک نەدات.))***

ماددەی (١٥٢)ی یاساى بنەماکانى دادگایى سزایى (ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١)

## ٤-٣-١ سەربەخۆیی دادگا

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لە بنەما نێودەوڵەتی و دەستوورییەکان و پەیوەستە بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە لە هەر دەوڵەتێکدا (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری). بێلایەنی و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە دوو ئاستەوە سەیر دەکرێت. یەکەم ئاستی دامەزراوەی دادوەریی، دووەم ئاستی سەربەخۆیی کەسیی دادوەر.

## ٤-٣-١-١ ئاستی دامەزراوەیی

بریتییە لە سەربەخۆبوونی دامەزراوەی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن. لەم ڕووەوە پێویستە تەرخانی و تایبەتمەندیی هەریەک لە دەسەڵاتەکان لە دەستووردا بە ڕوونی دیاری بکرێت، بە شێوەیەک بەربەست بۆ دەستوەردان لە تەرخانیی

دەسـەڵاتێک لەلایەن دەسـەڵاتێکی دیکەوە، هەبێت. هەروەتر ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتەکان بە شـێوەیەک بێت لەبری هەژموونی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن و یاسـادانان بەسـەر دەسـەڵاتی دادوەرییەوە، پەیوەنـدییەکی ڕێکخسـتنی تایبەتمەندیی کار و هاوکاریی بهێنرێتە ئاراوە، بە شـێوەیەک لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیاندا هاوکاری یەک بن، نەک دەسـت لە کاروباری یەکتر وەربدەن. ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات پەیوەندیی نێوانیان لەسـەر بنەمای بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراسـتنی سەروەریی یاسا دابمەزرێت. هەروەها نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسـەڵاتی چاودێریی دەسـەڵاتی یاسادانانی هەبێت. پێویستە دەسـەڵاتی باڵای دادوەریی لە خودی دەسـەڵاتی دادوەریی پێک بهێنرێت لە شـێوەی ئەنجوومەنێکدا. شـایەنی باسـە پێویسـتە ئەم دەسـەڵاتە خـاوەنی بودجەی سـەربەخۆ بێـت و هەموو ئەرکە کارگێڕی و داراییەکان لەخۆ بگرێت.

### ٤-٣-١-٢ ئاستی سەربەخۆیی کەسی

بریتییە لە سـەربەخۆیی کەسـیی دادوەر لە ڕووی سـیاسـی و پەیوەندیی فەرمانبەری. بۆ بەدیهێنانی ئەم سەربەخۆییەش:

- نابێت دادوەر پەیوەندیی سیاسیی هەبێت، وەک ئەندامبوون لە پارتێکی سیاسیدا.
- پێویستە دامەزراندنی دادوەران لە ڕێی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بێت، بەبێ دەستوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
- پێوستە بە دەستوور و یاسا قەدەغەی لابردن یان لەکارخستنی دادوەر بکرێت.
- نابێت دەرکردنی بڕیار لەلایەن دادوەرانەوە وەک هۆیەک بۆ لابردنیان لێک بدرێتەوە.

سەبارەت بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاند دەرچووێنرا، دواتر یاسای ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو، کە تا ئێستا بەرکارە. ئەم یاسایە بنەمایەکی پتەوی بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی دارِشت، کە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین بنەماکانی تایبەت بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی بکەین:

- جەختکردنەوە لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بەوەی سەربەخۆیە و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێک لە سەروویەوە نییە (مادەی دووەم).
- بەیاساییکردنی دانانی بودجەی سەربەخۆ بۆ دەسەڵاتی دادوەری کە لەلایەن خودی دەسەڵاتی

دادوەرییەوە دادەنرێت و لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت ( مادەی چوارەم).

- پێکهێنانی ئەنجوومەنی دادوەریی لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و جێگرەکانی و سەرۆکی سەرپەرشتیی دادوەری و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە (مادەی سیو سێ /یەکەم-١).
- تەرخانکردنی ئەنجوومەنی دادوەری بە دامەزراندنی دادوەران (مادەی سی و پێنج).
- قەدەغەی گواستنەوەی دادوەر بۆ وەزیفەیەکی نادادوەری تەنیا بە ڕەزامەندیی دەستنووسی خۆی نەبێت (مادەی پەنجا/یەکەم-١).
- قەدەغەی مژۆڵیی دادوەر بە کاری حیزبی و خۆپاڵاوتنی بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دەستە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنە سیاسییەکانەوە، مەگەر دوای دەستکێشانەوەی (مادەی پەنجاو دوو /دووەم).

## ٤-٣-٢ دادگایی ئاشکرا (کراوە)

مافی دادگایی ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ مافی بەدیهێنانی دادپەروەریی دادگا، کە لە یەک کاتدا گەرەنتیی مافی تاک و کۆمەڵیشە. دادگایی ئاشکرا ماف بە لایەنەکانی کێشەی بەردم دادگا دەدات، کێشەکەیان

بەئاشـــکرا و بە ئامادەبوونی خەڵک یەکلایی بکرێتەوە. ئامادەبووان ڕۆڵی چاودێر لەسەر ڕ ڕێکارەکانی دادگایی دەبینن. دادگایی ئاشکرا دەبێتە هۆی:

- تیواری و پاکیی ڕ ڕێکارەکانی دادگایی.
- ئەوەی دادوەران بە بێلایەنی کێشـەکە یەکلا بکەنەوە و شـــێوەی بێلایەنی و یاســـایی و پاکیی دادگا بۆ خەڵکی دەربخەن.
- ئەوەی شایەتەکان ڕاستگۆیانە قسە بکەن.
- تەنیا ئەو بەڵگانەی دەکرێنە بنەمای بڕیاری دادگا، بخرێنە ڕوو.
- متمانەی دادخوازان و خەڵک بە دادگا زیاد دەکات.
- بەڵام دەشـــێت لە هەندێک باری دیاریکراودا، بەپێی یاســـا نێوخۆییەکان دادگایی نهێنی بێت، ئەمیش بۆ ڕەچاوکردنی سـیسـتمی گشـتی و ئاداب و ڕ ڕێزی خێزان.

**٤-٤ دادگای تایبەتمەند**

***(( ... هەرکەسیک تۆمەتێکی تاوانکاری بـدرێتە پـاڵ ... مـافـی خـۆیەتـی کەیســـەکەی بە شـــێـوەیەکـی دادپەروەرانە و ئـاشـــکرا لە لایەن دادگایەکی پســـپۆڕ و ســـەربەخۆ و***

## بێلایەنەوە کە بە گوێرەی یـاســــا پێکهاتووە، تەماشا بکرێ ...))

ماددەی (١٤)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

تایبەتمەندیی دادگا یەکێکە لە بنەما ســـەرەکییەکانی دادگـای دادپەروەر. بەپێی ئەم بنەمـایە پێویســـتە ئەو دادگایەی دادگایی تۆمەتبار دەکات، تایبەتمەند بێت. ئەم بنەمــایە تەواوکەری بنەمــا گشــتییەکـانی دادگــای دادپەروەرە لە ســـەربەخۆیی و بێلایەنی و پێکهێنـانی دادگا بەپێی یاسـا. سـەرچاوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لە گرنگیی ئەم بنەمایە دەکەنەوە، بەوەی ناکرێت تۆمەتبار لەلایەن دادگایەکەوە کە تایبەتمەند نییە، دادگایی بکرێت و ســزا بدرێت. پێداویســتیی تایبەتمەندیی دادگا لە پاڵ ســەربەخۆیی و بێلایەنیی دادگادا، بنەمای ڕەهان و هیچ جۆرە دەرهاوێژراوێک لەسەریان دروست نییە.

تایبەتمەندی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت:یەکەم، دادگای تایبەتمەند بۆ بینینی کەیســی ســزایی؛ دووەم، دادوەری تایبەتمەند لە بواری سزاییدا.

دادگای تایبەتمەندی ســزایی بریتییە لە دەســـەڵاتی دادگـا بۆ یەکلاییکردنەوەی جۆرێکی دیـاریکراو لە داوا. پێدانی ئەم دەسـەڵاتەش پەیوەسـتە بە بنەمایەکی دیکەی دادپەروەری کە بریتییە لە پێکهێنانی یاســاییانەی دادگا. لەم ڕ ڕووەوە ناوەڕۆکی ئەم بەشەی بنەماکە دەخوازێت

دادگا، بەپێی یاسا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی سزایی تایبەتمەند بێت. لەمە بترازێت، نابێت تۆمەتبار لە بەردەم دادگایەکی ناسزایی یان لیژنە و لایەنی کارگێڕی دادگایی بکرێت.

دادوەری تایبەتمەند بریتییە لە پسپۆڕێتیی یاسایی دادوەر لە بواری یاسای سزاییدا. بەپێی ئەم بەشەی بنەماکە پێویستە دادوەر یان دادوەرانی کێشەی سزایی، لە ڕ ڕووی ڕ ڕێکار و بابەتەوە شارەزای بواری سزایی بن.

### ٤-٥ زمانی دادگا و وەرگێڕان

***((...دابینکردنی بێبەرانبەری وەرگێڕی زمان ئەگەر زمانی دادگای نەزانی یان نەیتوانی بە زمانی دادگا بدوێت))***

ماددەی (٣/١٤) لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((هەموو ڕ ڕێکارە دادوەرییەکان، بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن. دووەم: ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردیی نەزانێت، پێویستە وەرگێڕێکی بۆ دابنرێت.))***

*مادەی ( ٦: یەکەم)ی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١٤)*

***((زمانی کوردی، زمانی دادگاکانە و دەشێت لە کاتی پێویستدا زمانی عەرەبی بەکار بهێنرێت.))***

ماددەی (٦)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان (ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧)

زانینی زمانی دادگا بۆ دادخوازان، مافێکە بۆ پاراستنی چەند مافێکی دیکە، بنەچەشی دەگەڕێتەوە بۆ مافی یەکسانی و جیاکاری نەکردن بە هۆی زمان و نەتەوەوە. بەڵام لە پەیوەست بە زانینی زمانی دادگاوە، پێوستە دادگایی بەو زمانە ئەنجام بدرێت کە دادخوازان یان لایەنەکانی دادگا دەیزانن، بەپێچەوانەوە پێویستە وەرگێڕی یاسایی بۆ ئەو لایەنەی زمانی دادگا نازانێت، بە بێبەرانبەر دابین بکرێت.

بەگشتی، فەراهەمکردنی مافی زانینی زمانی دادگا یان دابینکردنی وەرگێڕ، گەرەنتییە بۆ ئەم مافانەی خوارەوە:

- مافی تێگەیشتن لەو تۆمەتەی ئاراستەی تۆمەتبار دەکرێت.
- مافی تێگەیشتن و گفتوگۆ و بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکان.

- زانینی ڕ ڕێکارەکانی دادگایی.
- مـافی داکۆکی و ئـامـادەکردنی دادنـامە بەو زمـانەی دادخواز دەیزانێت.

### ٤-٦ گریمانەی بێتاوانی تا سەلماندنی تاوان

***((هەموو کەسێکی تۆمەتبار بە تاوانێک بە بێتاوان دادەنرێت تاکو ســەلماندنی ئەنجـامـدانی تـاوانەکە بە شـــێوەی یاسایی لە دادگایەکی ئاشکرا، کە تێیدا هەموو گەرەنتییە پێویســتەکانی مافی داکۆکی لە خۆی دەستبەر کرابێت.))***

ماددەی (١/١١)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)

***((مــافــی هەمــوو تــۆمەتــبــارێکە بە ئەنجامدانی تاوانێک بە بێتاوان دابنرێت تـاکو ئەو کـاتەی بەگوێرەی یاســـا تاوانەکەی بەسەردا دەسەلمێنرێت.))***

ماددەی (٢/١٤)پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((تۆمەتبار تـا ســـەلمـاندنی تـاوانەکە لەســـەری لە دادگـایەکی یـاســـایی دادپەروەردا، بێتاوانە. نـابێت تۆمەتبار لەســـەر هەمـان تۆمەت دوای ئەوەی***

***ئـازادکراوە، جـارێکی دیکە دادگـایی بکرێتەوە، مەگەر بەڵگەی دیکەی لە دژ دەرکەوێت.))***

ماددەی (١٩/پێنجەم) دەستووری ئێراق

گریمانەی بێتاوانی تا ســـەلماندنی تاوان، یەکێکە لە بنەما مرۆیی و دەستوورییەکانی بواری یاسای سزایی. دەتوانین بە گریمانەیەک لە سوودی تۆمەتبار پێناسەی بکەین، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئەنجامدانی ڕێکاری سزایی لەگەڵ تۆمەتبارێک لەسەر بنەمای دانانی بە بێتاوان تا ســـەلماندنی تاوانەکە لە دادگایەکی بێلایەن و سەربەخۆ و تایبەتمەندا، کە هەموو هۆیەکانی داکۆکی تێدا پارێزراو بێت.

ئەم گریمانەیە لە یەکەم ڕێکار بەرانبەر تۆمەتبارەوە دەست پێ دەکات تاکو بڕیاری دادگا بە تۆمەتبارکردنی. بنەماکەش ئەوە دەسەپێنێت، کە هەموو ڕێکارەکان لەبەرانبەر تۆمەتبار بە شێوەیەک ئەنجام بدرێن، وەک ئەوەی بێتاوان بێت. ئەم بابەتە بەشێکی پەیوەستە بە یاسا ڕێکارییەکانەوە، کە بریتییە لە نەبوونی ڕێکارێک وای دەربخات ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لە تەکدا دەکرێت، تاوانبارە. بەشێکی دیکەی بریتییە لە گرتنەبەری نیازپاکانەی ڕێکارەکان لە بەرانبەر تۆمەتباردا لەلایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەوە.

پاراســـتنی بنەمای بێتاوانی، زۆر هەســـتیارە، بە شـــێوەیەک بچووکترین ڕێکـار یـان کـاردانەوە یـان بێدەنگیی دادگا، دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی بنەماکە. بۆیە پـاراســـتنی جێبەجێکردنی بنەمـاکە، ئەوە دەخوازێـت، هەموو ڕێکـارەکـانی بـانگکردن و دەســـتگیرکردن و ڕ ڕاگرتن و کۆکردنەوەی بەڵگەکان، بەشـێوەیەک بن وەک ئەوەی بۆ کەســـێکی بێتـاوان ئەنجـام دەدرێن. ئەم پاراســـتنەش دەکەوێتە ئەســـتۆی دادوەر و داواکاری گشـــتی و جێبەجێکەرانی بڕیارەکانی دادگا، لە پۆلیس و ئـاســـایش کە لە شـــێوەی هونەری مـامەڵەدا ڕەنـگ دەداتەوە. بەو واتـایەی هەریەکە لەو کەســـانە لە ڕێی ئەنجامنەدانی ڕ ڕێکاری نادروســـت و ناپێویســـتەوە کە ئاماژە بن بۆ شکاندنی بنەمای بێتاوانی، خاوەن هونەری پـاراســـتنی بنەمـاکە بن. هەروەهـا لە شـــێوەی ددانبەخۆداگرتن و پاراستنی بێلایەنی لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەدا.

بەرجەســـتەکردنی بنەمای بێتاوانی، پەیوەســـتە بە پـاراســـتنی کەرامەتی مرۆڤەوە، کە بنەڕەت لە مرۆڤدا بێتاوانییە (إن الاصل فی الانسان البراءة).

پەیڕەوکردنی بنەمای بێتاوانی تا ســەلماندنی تاوان، چەند پێوەرێکی هەیە، وەک جێبەجێکردنی ڕێکارەکان بە شــێوەی یاســـایی، هەڵســـوکەت لەگەڵ تۆمەتباردا وەک مرۆڤێکی خـاوەن کەرامەت، خۆپـاراســـتن لە ئەگەری

هەڵەی دادوەری، لاوازیی پێگەی تۆمەتبـار لە بەرانبەر دەســـەلاتی لێکۆڵینەوەدا و نەهێشـــتنی کـاریگەریی دەروونی لەسەر تۆمەتبار.

شـــوێنکارە یاســـاییەکانی پەیڕەوکردنی بنەمای بێتاوانی تا سەلماندنی تاوان بریتیین لە:

- قورســایی ســەلماندنی تاوانەکە دەکەوێتە ئەســتۆی دەسەڵاتی گشتی.
- پێویست ناکات تۆمەتبار بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت.
- ئازادیی لایەنەکان بۆ سەلماندنی داوای سزایی.
- گومان لە بەرژەوەندیی تۆمەتباردا ڕاڤە دەکرێت.

پەیوەســـــــــتبوونی دادگا بەم بنەمایەوە، دەخوازێت لە ڕووی کـــــــرداریيەوە دادگـــا خـــــۆی دوور بـــگرێت لە:

- ڕادەربڕین لەســـەر ئەوەی تۆمەتبـار تـاوانەکەی کردووە. لە ئـارایی ئەم ڕایەدا تۆمەتبـار بۆی هەیە داوای لابردنی دادوەرەکە بکات.
- لایەنگیریی دادوەر یان داواکاری گشتی یان دەستەی دادگا بۆ لایەنی سکاڵاکار.
- بینینی کێشـــەکە لەگەڵ بوونی بیرۆکەی پێشـــوەختە لەســـەر ئەنجامەکەی یان بەراوردکردنی بە کێشـــەی تری هاوشێوە.

- بەکارهێنانی هەندێک زاراوە کە ئاماژە بن بۆ سزادانی تۆمەتبار.
- مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتبار وەک تاوانبار.
- بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانەکە بە شێوەیەک ببێتە هۆی شکاندنی بنەمای بێتاوانی.
- ڕێگەنەدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانەکە.
- دروستکردنی گومان لەسەر تاوانباریی تۆمەتبار لە ڕێی کۆکردنەوە و پشتبەستن بە بەڵگەکانەوە.
- بێدەنگی لەو هێرشانەی لە کاتی دادگاییدا دەکرێنە سەر تۆمەتبار.

مامەڵەی توندوتیژانە لەگەڵ تۆمەتبار بە بیانووی پاراستنی کەشی هۆڵی دادگایی.

**٤-٧ مافی داکۆکیکردن لە خۆ**

***((هەموو کەسێکی تۆمەتبار بە تاوانێک بە بێتاوان دادەنرێت تاکو سەلماندنی ئەنجامدانی تاوانەکە بە شێوەی یاسایی لە دادگاییەکی ئاشکرادا، کە تێیدا هەموو گەرەنتییە پێویستەکانی مافی داکۆکی لەخۆ کردن، دەستەبەر کرابێت.))***

ماددەی (١/١١) جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ

*((هەموو تۆمەتبارێک بە ئەنجامدانی تاوانێک لە میانەی بینینی دۆسیەکەیدا، مافی شادبوونی بەیەکسانیی تەواوی بەم گەرەنتییانەی خوارەوە هەیە ... (ب) کات و ئاسانکاریی تەواوی پێ بدرێت بۆ ئامادەکردنی داکۆکییەکەی و پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو پارێزەرەی خۆی هەڵی دەبژێرێت.))*

ماددەی (٣/١٤) پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

*((مافی داکۆکیکردن لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا، پیرۆز و دەستبەرکراوە.))*

ماددەی (١٩/ چوارەم)دەستووری ئێراق

یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی تۆمەتبار لە سەرچاوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و دەستوور و یاسا سزاییەکاندا، بریتییە لە مافی داکۆکی لە خۆ (مافی بەرگری) بۆ تۆمەتبار لەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکرێن. ئەمەش بە دوو شێواز: یەکەم، بواردان بە خودی تۆمەتبار بۆ وتەدان و پێشکەشکردنی زانیاری و بەڵگەی پێچەوانە و ڕوونکردنەوە و ... هتد بۆ دادگا؛

دووەم، دابینکردنی پــارێزەر، جــا لەلایەن خودی تۆمەتبــارەوە، یــانیش لەلایەن دەوڵەتەوە و لەســــەر بودجەی گشـــتی، گەر تۆمەتبار لە توانایدا نەبوو. لە هەموو بارەکانیشـــدا پێویســـتە دادگا کاتی گونجاو بە تۆمەتبار بدات تاکو داکۆکینامەکەی ئامادە بکات. دەشێت دادگا خۆبەخۆ تۆمەتبار تێبگەیەنێت کە دادگا داواکەی بۆ کــاتێکی دیکە بەمەبەســـتی پێشـــکەشـــکردنی داکۆکییەکەی بۆ دوا دەخات. لێرەدا بەکورتی باســـی مامەڵەی یاســـای بنەماکانی دادگایی ســـزایی ئێراق و هەموارەکانی ســـــەبارەت بە مافی دابینکردنی پارێزەر، دەکەین.

مافی دابینکردنی پارێزەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەوە دەست پێ دەکات تاکو دوا قۆناغی دادگاییکردن و ڕێگە تانەکان. هەروەها بەگوێرەی هەمواری مادەی ١٢٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی بە پێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٣

پێویســـتە دادوەر یـــان لێکۆڵەری دادیی، بەر لە وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار پرســـــیاری لێ بکەن، داخۆ خواستی گرتنی پارێزەری لەسەر دارایی خۆی هەیە؟

ئەگەر توانــای دارایی نەبوو، پێویســـتە دادگــا بۆ تاوانەکانی لە شێوەی کەتن و گەورەکەتن، پارێزەری بۆ

دابنێت؛ تاکو پارێزەر ئامادە نەبێت، ناشـــێت وتەی تۆمەتبار وەربگیرێت.

پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادیی بەر لە وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار، ئەم مافەی تێبگەیەنێت.

دانانی پارێزەر بۆ تۆمەتبار لە قۆناغی دادگاییدا بە بڕیاری دادگا دەبێت و بڕیارەکە لەبری بریکارنامەیە و ناوەستێتە سەر خواستی تۆمەتبار، لە بەر ئەوەی ئەم قۆناغە دوا قۆناغی بینینی داوای ســـزاییە و بڕیاری یەکلاکەرەوە لە دۆســـیەکە دەدرێت، کرێی ماندوێتیی پارێزەری دانراویش لە گەنجینەی دەوڵەت خەرج دەکرێت.

شـــایانی باســـە، ئەم مافە بۆ تاوانەکانی کەتن و گەورەکەتنە و تاوانی ســـەرپێچی ناگرێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قورســـیی ســـزا لەو دوو جۆرە تاوانەدا. ئەگەر پارێزەری دانراو بە پۆزشـــێکی ڕەوا نەیتوانی بەرگری لە تۆمەتبار بکات، دادگا پارێزەری تری بۆ دادەنێت.

## ٤-٨ مافی دادگایی خێرا

***((هەموو تۆمەتبارێک بە ئەنجامدانی تاوانێک لە میانەی بینینی دۆسیەکەیدا، مافی شادبوونی بەیەکسانیی تەواوی بەم گەرەنتییانەی خوارەوە هەیە ... (ج) بەبێ پاساو دادگاییکردنی دوا نەخرێت.))***

ماددەی (٣/١٤) پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((لە دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبار، لە ماوەیەکدا لە بیست و چوار کاتژمێر تێنەپەڕێت، پەڕاوی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرێتە بەردەم دادوەری پەیوەندیدار و درێژیش ناکرێتەوە تەنیا بۆ یەک جار و هەمان ماوە نەبێت.))***

ماددەی (١٩/سێزدەهەم) دەستووری ئێراق

مەبەست لە دادگایی خێرا ئەوەیە، کێشەی تۆمەتبار لە ماوەیەکی دیاریکراودا یەکلایی بکرێتەوە. ئەم ماوەیە لە یاساکانی هەندێک دەوڵەتدا وەک بنمیچی دوا ماوە دیاری کراوە. ئەم مافە پەیوەستە بە ئازادیی کەسیی تۆمەتبارەوە، بەتایبەت لە باری ڕاگرتنییەوە تاکو

یەکلابوونەوەی کێشـــەکەی. لەلایەکی دیکەوە دانـانی تۆمەتبـارە لە خـانەی گومـانـدا تـاکو یەکلابوونەوەی کێشەکەی، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لە سەر کەسێتیی تۆمەتبار لە ڕووی کەســـی و کۆمەڵایەتییەوە، دادەنێت. لایەنێکی دواخســـتنی داوا کاریگەری لەســـەر بواری ئابووریی کەســی تۆمەتبار هەیە، وەک بێبەشــکردنی لە کارکردن، یان گلدانەوەی موڵک یان ســامانی. بەگشــتی هۆی دواکەوتنی یەکلاییبوونەوەی داوای ســـزایی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

- زۆریی کێشەکانی بەردەم دادگا.
- دژواری و ســەختیی یەکلاکردنەوەی هەندێک بابەتی سزایی.
- هەندێک جار یەکلابوونەوەی کێشـــەکە لەســـەر یەکلابوونەوەی کێشەکی دیکە دەوەستێت.
- گرتنەبەری ڕێکاری ناپێویست لە دۆسیەکەدا.
- جێبەجێنەکردنی بڕیـارە ئـامـادەکـارییەکـانی دادوەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.
- کەمیی بوار و دەســـەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوە لە یەکلاکردنەوەی کێشـــەدا پێش هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند.

شـایانی باســە، یاسـای بنەماکای دادگایی ســزایی باســـی ئەم بـابەتەی نەکردووە، بەڵام ڕێنمـایی ژمـارە

(٤)ــی ساڵی (١٩٨٧) سەقفی زەمەنی بۆ یەکلاکردنەوەی داواکان داناوە و ئەم مافەی فەراهەم کردووە.

## ٤-٩ دادگایی زارەکییانە

زارەکیبوونی دادگــایی یەکێکی دیکەیە لە بنەمــا ســـــەرەکییەکانی دادگایی دادپەروەرانە. مەبەســـــت لەم بنەمـایە ئەوەیە، دادگـایی زارەکی دەبێت و تۆمەتبـار و ڕکەبەرەکان ڕێگەی قســـــەکردن و وتەدانیان لە بەردەم دادوەردا پێ دەدرێت. بەگشــتی، بۆ چەســپاندنی بنەماکە پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

- تۆمەتبار و لایەنە ڕکەبەرەکان، بە زارەکی لەبەردەم دادوەردا وتە دەدەن.
- بۆ هەریەکە لە لایەنە ڕکەبەرەرکان هەیە بەڵگەکانیان بخەنە ڕوو، بە شـــــێوەیەک بەڵگەی ئەو لایەنەی بەڵگەکە دەخاتە ڕوو، نیشانی لایەنی بەرانبەر بدرێت و لەلایەن لایەنەکان و دادگا و داواکاری گشتییشەوە، بەرباس بدرێت.
- پێویســــــتە دادگا هەر نووســــــراوێکی دەخرێتە ڕوو، ناوەڕۆکەکەی بخوێنێتەوە و لە کۆنووســـــی دادگادا جێگیر بکرێت و بوار بدرێت بە تۆمەتبار و لایەنەکان ببیبینن.

- هەموو ئەو بەڵگە و نووسراوانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا کۆ کراونەتەوە، پێویستە جارێکی دیکە، واتا لە قۆناغی دادگایی، بخرێنەوە ڕوو و وتەی شایەتەکان بە ئامادەبوونی تۆمەتبار وەربگیرێت و ماف بە تۆمەتبار بۆ بیستنیان و ئاراستەکردنی پرسیار لەسەریان، بدرێت. بنەمای زارەکیبوونی دادگایی، ئەم ئامانجانە بۆ دادگایی دادپەروەرانە بەدی دەهێنێت:
- ئاگاداریی تۆمەتبار لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و سکالاکەر و بەڵگەکان.
- فەراهەمکردنی چاودێریی خەڵک بەسەر دادگاییکردنەوە.
- ڕێگەدان بە لایەنە ڕکەبەرکان بۆ بەرپەرچدانەوەی وتە و بەڵگەی یەکتری.
- دوورخستنەوەی گومان لەسەر ستەمی دادگا.
- دەبێتە هۆی تۆمارکردنی وتە و ڕێکار و بەڵگەکان کە بۆ بڕیاری کۆتایی دادگا دەبنە بنەما.
- ئەنجامدانەوەی لێکۆڵینەوە و سەرنجدان لەو بەڵگانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا خراونەتە ڕوو، دەرخستنی بەهێزی و بێهێزییان یان هەر کەموکوڕییەک هەبێت تاکو دادگا چارەسەری بکات، یان ئەوەی بەڵگەیەک لە بەڵگەکان وەرنەگرێت یاخود بڕیار بدات بە وەرگرتنی بەڵگەی زیاتر. بۆ نموونە،

وەرگرتنی وتەی گەواهیدەرێک کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا وەرنەگیراوە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی زیاتری دادوەر لە بەڵگەکان، چونکە پێشتر تەنیا وەک دەقێکی نووسراو بووە، بەڵام بە زارەکی وەرگرتنی بەتایبەت وتەی سکالاکەر و گەواهیدەر و تۆمەتبار لە ئەنجامی زیندەبوونی دادگایی و ئەو هێما و ئاماژانەی لە ڕووخسار و هەڵسوکەوتی لایەنە ڕکەبەرەکانەوە بۆ دادگا دەردەکەوێت، قەناعەتێکی ڕەخسیو و پتەو بۆ بڕیاردان لە داواکەدا فەراهەم دەکات. هەروەها مافی داکۆکی زیاتر بەرجەستە دەکرێت، کاتێک تۆمەتبار بە زارەکی وتەکانی دەدات. بە شێوەیەک دادوەر زیاتر گرنگیی دەدات بەو لایەنەی پەیوەستە بە کێشەکەوە و ئاراستەی دادگا لە بەلارێدابردنی دۆسیەکە دوور دەگرێت.

-

### ٤-١٠ تۆمارکردنی ڕێکارەکان

ڕێکارەکانی تۆمارکردن واتە تۆمارکردنی هەموو ئەو ڕێکارانەی دادگا لە سەرەتا تا کۆتایی کێشەیەکی سزاییدا، دەیانگرێتە بەر. ئەم بنەمایە گرنگیی تایبەتی لە بواری بەدیهێنانی دادپەروەریی دادگاییدا هەیە. چونکە سەلمێنەری ئەوەیە کە دادگا هەموو ڕێکارە یاساییە پێویستەکانی بۆ گەیشتن بە دوا بڕیار، گرتووەتە بەر.

ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، جیاواز لە شێوازی کۆن، تۆمارکردن بە شێوەی دیجیتاڵییە، ئەمەش پێویستیی بە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت هەیە. تۆمارکردن بۆ هەردوو ڕێکاری شێوەیی و بابەتی لەلایەن دادگاوە ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە:

### ٤-١٠-١ تۆمارکردنی ڕێکارە شێوەییەکان

بریتییە لە تۆمارکردنی ڕێکەوتی دادبینی و ناوی دادوەران و شێوەی دادگایی بە ناو و ئامادەبوونی سکاڵاکار و تۆمەتبار یان بەبێ ئامادەبوونیان، دادگایی نهێنی یان ئاشکرا، ئامادەبوونی داواکاری گشتی و پارێزەری تۆمەتبار، ناوی فەرمانبەری نووسەری کۆنووس و واژۆکردنی کۆنووسەکان لەلایەن دادوەرەوە.

### ٤-١٠-٢ تۆماری ڕێکارە بابەتییەکان

بریتییە لە تۆمارکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی بەڵگە و ئەو بەڵگانەی لە کاتی دادگاییدا دەخرێنە ڕوو و خستنەڕووی بۆ لایەنە ڕکەبەرەکان و ئاراستەکردنی تۆمەت و وەرگرتنی وەڵامی تۆمەتبار و خوێندنەوەی تیانووسی داواکاری گشتی و داواکاری لایەنەکان و

داکۆکیی تۆمەتبــار و هەموو ئەو بڕیــارە لاوەکی و ئامادەکارییانەی لەکاتی دادگاییدا دەردەچن. بەگشـــتی تۆمارکردن ئەم ســـوودانەی بۆ دادگایی دادپەروەرانە هەیە:

- پێبەنـدبوونی دادگـا بە ڕیزبەنـدیی ڕێکـارەکـان، بە مەبەســـتی گەیشـــتنە بڕیاری دادپەروەرانە، چونکە ڕیزبەندیی ڕێکارەکان وا دەکات ئەنجامی دادگایی لەگەڵ بنەمـا یـاســـاییە ڕێکـارییەکـان و بنەمـا بابەتییەکاندا گونجاو بێت.
- چەســـپێنەری بنەمای (پێشـــتر یەکلابووەوە)یە، واتا ئەگەر پێشـــتر هەمان دۆســـیە لە بەردەم دادگایەکی ســـزاییدا بینرابێت، دوا بڕیاری دادگا دەرچووبێت، ئەوا ناشـێت تۆمەتبار دووبارە لەسـەر هەمان کێشـە دادگایی بکرێتەوە.
- دەبێتە ئـاوێنەیەک بۆ دادگـای تـانەبین، تـاکو بزانێت دادگاییەکە بەیاســـایی ئەنجام دراوە یان پێچەوانەی یاسا.
- لە یەکلابوونەوەی کێشـــەی دیکەی پەیوەســـت بەم کێشە بینراوەوە، یارمەتیدەر دەبێت.
- پێڕەوکردنی هەمان ڕێکار لە کێشە هاوشێوەکاندا.

## ٤-١١ هۆ و بەڵگەی دەرکردنی حوکمی سزایی

حوکمی سزایی بریتییە لە داوا بڕیاری دادگا لە دۆسیەیەک دوای ئەنجامدانی هەموو ڕێکارەکانی دادگایی. بۆ حوکمی سزایی پێویستە دادگا پشت بەو بەڵگانەی لە کاتی دادگاییدا خراونەتە ڕوو، ببەستێت. پێویستە ئەم بەڵگانە، بەڵگەی یاساییی بن، واتە یاسا ڕێگەی بە دادگا دابێت بۆ دەرکردنی حوکمەکەی، بەکاریان بهێنێت. لێرەدا چەند خاڵیکی گرنگ لە پەیوەندیدا بە دادگایی دادپەروەرانەوە هەن، پێویستە ئاماژەیان پێ بدەین:

**یەکەم**: نابێت دادگا بۆ دەرکردنی حوکم، پشت بە بەڵگەیەک کە لە دانیشتنەکانی دادگا نەخرابێتە ڕوو، ببەستێت، پێویستیشە لایەنە ڕکەبەرەکان بەڵگەکان ببینن و بزانن.

**دووەم**: دادگا پاڵپشت بە بەڵگەکان، بەپێی ئەو قەناعەتەی لای دادوەر دروست دەبێت، حوکم بدات.

**سێیەم**: ئەو بەڵگانەی دادوەر پشتیان پێ دەبەستێت، بەپێی یاسا ڕێگەپێدراو بن.

**چوارەم**: ناکرێت تۆمەتبار ناچار بە بەڵگەدان بە دادگا بکرێت، وەک لێوەرگرتنی جۆری خوێن، دڵۆپی تۆو یان ملدان بۆ ئەنجامدانی پشکنینی زانستی، جگە لەو بارانەی یاسا ڕێگەی داوە. هەروەک لە مادەی ٧ لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە،

نابێت بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی کەسێک، ناچار بە ملدان بۆ پشکنینی زانستی و پزیشکی، بکرێت.

پێنجەم: نابێت دادوەر بەگوێرەی زانیاریی کەسی حوکم بدات.

**شەشەم:** پێویستە لە دەرکردنی حوکمی سزاییدا، گونجاوی لە نێوان هۆ و بەڵگەکاندا هەبێت. ئەمەش واتە بۆ هەر تاوانێک جۆرێک بەڵگە هەیە، کە پێویستە لەگەڵ جۆری تاوانەکەدا گونجاو بێت.

**حەوتەم** :پێویستە هۆیەکانی دەرکردنی حوکم لە درێژەی حوکمەکەدا ئاماژەیان پێ بدرێت. بۆ هەر حوکمێکی سزایی پێویستە سێ مەرج لە هۆیەکاندا هەبن: یەکەم، پێویستە بەڵگەکان لە پەڕاوی داوا سزاییەکەدا هەبن، چونکە نابێت دادگا پشت بە بەڵگەیەک ببەستێت کە لە داواکەدا نەخرابێتە ڕوو؛ دووەم، پێویستە هۆیەکان ڕوون بن و دادگا ئاماژە بە دروستی و هێزیان بدات؛ سێیەم، نابێت ناکۆکی لە نێوان هۆیەکاندا هەبێت، هەروەتر نابێت ناکۆکی لە نێوان هۆیەکان و حوکمی سزاییدا هەبێت.

## ٤-١٢ سزای دادپەروەرانە

***((ناشــێت هیچ کەســێک بخرێتە ژێر باری ئەشــکەنجە و مامەڵە و ســزای دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و کەرامەتشکێن. بە شـــێوەی تـایبەت، نـابێـت هیچ تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی و زانستی لەســـەر کەســێک بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی خۆی، ئەنجام بدرێت.))***

ماددەی (٧)ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

بابەتی سزادان لە بواری یاسای سزاییدا، پەیوەستە بە بوونی تاوانەوە؛ لەســـەر بنەمای ئەو ڕاســـتییەی کە پێوستە بۆ هەر تاوانێک سزایەک هەبێت. یەکێک لە بنەما نێودەوڵەتی و دەســـتووری و یاســـاییەکان، بریتییە لە یاســـاییبوونی تاوان و ســزا. بەو واتایەی هیچ کردارێک بە تاوان دانانرێت ئەگەر یاســـا بە تاوانی دانەنابێت و هیچ ســـزایەکیش ناســـەپێنرێت ئەگەر یاســـا دیاری نەکردبێت. بابەتی دیاریکردنی ســـزا، لەڕووی جۆری ســـزاکە و بڕەکەیەوە، بابەتی تێڕوانینە لە گۆشـــەنیگای دادپەروەرییەوە. پرســـیارەکان ئەمانەن، چ ســـزایەک بۆ تاوانی ئەنجامدراو شـــیاوە؟ ســـزای جەســـتەیی، زیندانیکردن یان سزای دارایی؟ بۆ ئەوەی دادپەروەرانە بێت، بڕی ئەو ســـزایە چەندە؟ توێژینەوە ســـزاییەکان بەگشتی سێ ئامانجی سزادان دیاری دەکەن:

یەکەمیان تەمبێکردن، مەبەست لەم ئامانجە، چاکسازیی سزادراوە تاکو لە داهاتوودا تاوانی دیکە ئەنجام نەدات. دووەمیان چاوترساندن، مەبەست هۆشداریدانە بە خەڵک لەوەی لە ئەنجامدانی تاوان دوور بن. سێیەمیشیان دادپەروەری، مەبەست دیاریکردنی سزای گونجاوە بۆ تاوانی ئەنجامدراو، تاکو لەگەڵ جۆری تاوانەکە و ڕادەی ترسناکی لەلایەک و ڕەچاوکردنی بارودۆخی تاوانەکە و بارودۆخی کەسیی تاوانکەردا، بگونجێت.

بۆ ئەوەی سزای سەپێنراو دادپەروەرانە بێت، یاسادانەری ئێراقی لە دەقە یاساییەکاندا چەند بنەمایەکی گشتیی داناوە:

**یەکەم**: دەسەڵاتی بۆ دیاریکردنی بڕی سزا لە نێوان کەمترین بڕ تا زۆرترین، بە دادوەر داوە.

**دووەم**: بەکارهێنانی دۆخی بەخشین لە سزا و بەزەیی پیادەکردن بەرانبەر تۆمەتبار.

**سێیەم**: دوای سەپاندنی سزاش، چەند سیستمێک بۆ کەمکردنەوەی سزا یان بەخشین لە سزا هەن، وەک لێبووردنی گشتی و تایبەت، هەروەها بەردانی بەمەرج و لێخۆشبوون (صفح). هەمان کات، یاسادانەر بۆ ئەوەی تاوانکەر لەسەر هەموو تاوانێک سزا نەدرێت، لە نێوان تاوانەکانی مافی کەسی و تاوانەکانی مافی گشتیدا، جیاوازیی کردووە.

# بەشی پێنجەم

## ڕێگەکانی تانەدان لە حوکمی سزایی

***((هەرکەس تاوانێکی لەسەر ساغ بووەوە، مافی ئەوەی دەبێ لە بەردەم دادگایەکی باڵاتردا بەگوێرەی یاسا داوای چاوخشاندنەوە بە تاوانبارکردنەکە و سزاکەیدا بکات))***

ماددەی (٥/١٤)ی پەیماننامەی نیودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

بە مەبەستی پاراستنی مافی هەموو لایەنەکانی داوای سزایی، یاسا سزاییەکان چەند شێوەیەکی تانەدانیان داناوە، تاوەکو بەهۆیانەوە تۆمەتبار یان سزادراو کێشەکەی بخاتە بەردەم دادگای باڵاتر بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە کەیسەکەیدا. تانەکان بە گشتی بریتین لە:

یەکەم: پەڵپگرتن لە بریاری پاشملە.

دووەم: پێـداچوونەوە (بۆ قۆنـاغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن)

سێهەم: ڕاستکردنەوەی پێداچوونەوە.

چوارەم:دووبارە دادگاییکردنەوە

### ٥-١ پەڵپگرتن لە حوکمی پاشملە (نائامادەیی)

هەر حوکمێک بە ئامادەنەبوونی تۆمەتبار دەربچێت، ئەوا تۆمەتبار مافی ئەوەی دەبێ تانە لە بریاری پاشـملە بدات، ئەمەش هەلی ئەوەی پێدەدات لە بەردەم دادگادا داکۆکی لە خۆی بکات. تانوتدان بەم ڕێگەیەش تەنیا بۆ یەکجارە و هەموو حوکمە کۆتاییەکانی دادگای سـزایی دەگرێتـەوە، لـە تـاوانـەکـانی سـەرپێچی و کـەتن و گـەورەکـەتن. بە گوێرەی مـادەی (١٤٣) لـە یـاسـای بنەماکانی دادگایی سـزایی ماوەی تانەدان بەم شـێوەیە دەبێت:

- مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لـەبـەرواری پێڕاگـەیـانـدنـەوە بۆ تانوتدان لەو حوکمانەی لە تاوانەکانی سـەرپێچیدا دەرچوون.
- مـاوەی(٣) مـانـگ لـەبـەرواری پێڕاگـەیـانـدنـەوە بۆ تانـوتدان لەو حوکـمانەی لە تاوانەکانی کەتندا دەرچوون.

- ماوەی (٦) مانگ لەبەرواری پێڕاگەیاندنەوە بۆ تانوتدان لەو حوکمانەی لە تاوانەکانی گەورەکەتندا دەرچوون.

دوای تێپەربوونی ئەو ماوە دیاریکراوانە، حوکمدراو مافی تانەلێدانی لە حوکمە پاشملەکە نامێنێت و حوکمە دەرچووەکە بە تۆمەتدانەپاڵ و سزا ڕەسەنەکان و لاوەکییەکانییەوە وەک حوکمی ئامادەییان لێدێت.

## ٥-٢ پێداچوونەوە (التمييز)

تانەی پێداچوونەوە یەکێکە لە ڕێگە تانە نائاساییەکان و درێژکراوەی ڕکابەری قۆناغی دادگاییکردن نییە، بەڵکو پێداچوونەوەیە بە ڕاست و دروستی بڕیاری دادگادا. ئەم ڕێگەتانەیە گرنگییەکی زۆری بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی یاسا لەلایەن دادگا سزاییەکانەوە هەیە. هەروەتر ئەو لایەنەی بۆی هەیە پەنا بۆ ئەم شێوە تانەیە ببات، پێویستە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دەرچوونی سزاکە یان ئاگاداربوونی بە بڕیاری دادگا تانەکە پێشکەش بکات. هۆی تانەی پێداچوونەوە دەکرێت یەکێک یان زیاتر لەم هۆیانە بێت:

- ئەگەر حوکمەکە پێچەوانەی یاسا بوو.
- هەڵە لە چەسپاندنی یاسا، یان لە لێکدانەوەی یاسادا (تأويل).

- هەڵەیەکی گەوهەری لەکارسازییەکاندا.
- هەڵەیەک لە دانانی/ دیاریکردنی سزادا.
- هەڵە لە پشتبەستن یان هەڵسەنگاندنی بەڵگەکاندا

شایانی باسە مافی سزادراوە پەنا بۆ ئەم شێوە تانەیە بۆ هەردوو داوای سزایی و داوای شارستانی ببات، بەڵام لە چەند جۆرێکی سزادا، ئەگەر سزادراویش تانە لە بڕیارەکە نەدات، ئەوا شیاوی پێداچوونەوەی خۆبەخۆن، سزاکانیش بریتین لە: سزای مەرگ و سزای زیندانی هەتاهەتایی (٢٠ ساڵ) و سزای زیندانی بە درێژایی ژیان (مدى الحياه).

## ٥-٣ ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە

دەرکردنی بڕیاری دادگای پێداچوونەوە، ماف ئەدات بەو لایەنەی بڕیارەکە لەسوودی نییە تانەی ڕاستکردنەوەی بڕیاری دادگای پێداچوونەوە پێشکەش بە هەمان دادگا بکات. ئەمیش لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە بەرواری پێراگەیاندنییەوە، بە دڵنیاییەوە ئەم تانەیە گەرەنتیەکی زیاترە بۆ لایەنەکانی داوای سزایی، بەو واتایەی تاوەکو ڕێگاکانی تانەلێدان زۆربن، گەرەنتی پاراستنی مافی لایەنەکان زیاتر دەبێت. مەرجێکی ئەم تانەیە ئەوەیە، بڕیارەکە لە دەستەی فراوانی داگای پێداچوونەوە دەرنەچووبێت، چونکە بڕیارەکانی ئەم

دەســـتەیە بنبڕن و شـــیاوی ڕاســـتکردنەوە نین. جێی ئاماژەیە لەبەر بوونی دەقی ئاشکرا لە یاسای بنەماکانی دادگایی ســـزاییدا، بڕیاری دادگای گەورەکەتنیش – بە ســـیفـەتی پێـداچوونـەوە- شـــیـاوی تـانـەلێـدان بـە ڕاستکردنەوە نییە.

## ٥-٤ دووبارە دادگاییکردنەوە (إعاده المحاكمه)

یەکێکە لە ڕێگە تانە نائاساییەکان، چونکە لە هەندێک بـاری دیـاریکراودا شـــیـاوە. تەنیـا ئـەو بڕیـارانـەش دەگرێتەوە کە پلەی کۆتاییان وەرگرتووە و شیاوی هیچ جۆرە تانەیەکی دیکە نین.

یاســـای بنەماکانی دادگایی ســـزایی ئەو بارانەی دیاریکردووە کە لەکاتی بوونیاندا، یان بوونی یەکێکیاندا حوکمـدراو دەتوانێ بـە داواکـاری دووبـارەکردنـەوەی دادگـاییکردن، تـانـە لـەبڕیـارەکـە بـدات، ئەوانیش بریتین لەمانە.

- ئەگەر حوکم دەرچوو لەســـەر تۆمەتبار بە کوشـتنی کـەســـێک، بـەڵام دواتر دەرکـەوت ئـەو کـەســـــە (کوژراوەکە) زیندوە .
- ئەگەر کەســـێک حوکمدرا بە ئەنجامدانی تاوانێک، دواتر حوکم لەســـەر کەسـێکی دیکە لەســـەر هەمان تاوان دەرچوو.

- ئەگەر پاڵپشـــت بە گەواهی گەواهیدەرێک یان ڕای شـارەزایەک یان قەواڵەیەک حوکم بەسـەر کەسـێکدا درا، دواتر حوکم بـەســـــەر گـەواهیـدەرەکـە یـان شـــارەزاکە بە تاوانی گەواهی درۆ یان ڕای درۆ لە شـــارەزاییدا درا، یاخود حوکمێک بە ســـاختەبوونی قەواڵەکە دەچوو، ئەوا پێویستە حوکمدراو بە بێتاوان هـەژمـاربکرێت، بـەمـەرجێک گـەواهییـەکـە یـان ڕای شـــارەزاکە یان قەواڵەکە تاکە بەڵگەی حوکمدانەکە بن.
- ئەگەر دوای حوکمەکە ڕووداوێ یان قەواڵەیەک هاتە پێش و ئەم ڕووداو یان قەواڵەیە بووە هۆی بێتاوانی حوکمدراو . نموونەی یەکەمیان، ئەگەر کەســـێک بە تـاوانی کوشـــتن حوکمـدرا، بـەڵام دواتر دەرکـەوت کوژراوەکــە بــەهۆی نــەخۆشـــییــەوە مردووە. بۆ دووەمیشـــیان، کەســـێک بە تاوانی دزینی ئامێرێک حوکمبـدرێت، بـەڵام دوای حوکمـەکـە ئـەو قـەواڵـەیـە بدۆزرێتـەوە کـە تۆمـارکراوە بـەنـاوی خۆیـەوە، واتـا موڵکی خۆیەتی .
- ئەگەر حوکمەکە پشتی بە حوکمێکی دیکە بەست کە دواتر بە ڕێگایەکی یاســـایی هەڵوەشـــابۆوە یان ڕەتکرابۆوە.
- ئەگەر حوکم دەچوو بە تۆمـەتدانەپاڵ یان بێتـاوانی، یان بە ئازادکردن (الافراج) یان هـەر حوکمێکی دیکە

له شـــێوەی ئەمان، لەســـەر هەمان کردار ، جا ئەو کردارە تـاوانێکی ســـــەربـەخۆ بێت یـان دۆخێکی تاوانەکە بێت. واتای ئەم بارە ئەوەیە ئەو کەســـــەی حوکم دەدرێت پێشــتر لەســەر هەمان تاوان حوکمی بێتـاوانی یـان نـابـەرپرســـیاری یـان ئـازادکردن (الافراج)ی هەبووە، بەڵام دادگا ئەم حوکمەی، لەکاتی دادگاییکردندا نەبینیوە یان بەسەریدا تێپەڕیوە.

- ئەگەر تاوانەکە یان سـزاکە لەسـەر تۆمەتبار بە هەر هۆیـەک بێت، لـەناوچووبێت . بۆ نموونـە حوکمدراو لەســـەر تاوانی ســـاختەکردنی بەڵگەیەکی ڕەســـمی حوکم دەدرێـت، بـەڵام دەردەکـەوێت پێشـــــتر بـەر لێبووردنی گشتی کەوتووە.

# بەشی شەشەم

## گەرەنتییە بابەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە

### ٦-١ بنەمای یاسایی بوونی تاوان و سزاکان

***((نابێ هیچ کەسێ لەبەر کردن یان نەکردنی کارێک تاوانبار بکرێ کە بە پێی یاسای نیشتیمانی یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی کردن یان نەکردنەکەدا تاوان نەبووبێ، هەروەتر نابێ سزایەکی توندتر لەوەی کاتی تاوانەکە بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێ))***

ماددەی (٢/١١)ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

***((نابێ هیچ کەسێ لەبەر کردن یان نەکردنی کارێک تاوانبار بکرێ کە بە پێی یاسای نیشتیمانی یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی کردن یان***

***نەکردنەکەدا تاوان نەبووبێ، هەروەتر نابێ سزایەکی توونددتر لەوەی کاتی تاوانەکە بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێ بکرێ ...))***

ماددەی (١/١٥) پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((هیچ تاوانێک و هیچ سزایەک نییە جگە لەو کردەوەیەی کە... یاسا لە کاتی ئەنجامدانیدا بە تاوان دایدەنێت و ڕێگەپێدراو نییە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا هەبووە جێبەجێ بکرێت.))***

ماددەی (١/١٩)ی دەستووری کۆماری ئێراق (٢٠٠٥)

مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە لە بنەڕەتدا کردەوەی تاکەکان ڕێگەپێدراوە، هیچ کارێک یان گوفتارێک نابێت لە ژێر هیچ بیانوویەکدا بە تاوان دابنرێ، مەگەر یاسایەک خەسڵەتی تاوانی پێ ببەخشێت و سزای بۆ دیاری بکات، بە مەرجێک دەقەکە پێش ئەنجامدانی کردەوەکە دەرچووبێت.

ئەم بنەمایە سەرەڕای ئەوەی بنەمایەکی نێودەوڵەتییە و لە ماددەی (٢/١١ )ـی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨) و ماددەی (١/٩)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی سیاسییەکان (١٩٦٦)دا هاتووە، لەبەر گرنگییەکەی وەک بنەمایەکی دەستووری لە دەستووریی کۆماری ئێراق (٢٠٠٥)دا جێگیر کراوە، لە دەستووریش بترازێ، جارێکی دیکە لە ماددەی (١)ـی یاسای سزادانی ئێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)دا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

بنەمای یاسایی بوونی تاوان گەرەنتییەکی گرنگی ماف و ئازادییە گشتییەکانە، بۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییدا پێویستە دادوەر و دادگا بە وردی سەرنجیان لەسەر ئەم بنەمایە بێت، دوای دڵنیابوون لە بوونی تاوانەکە، ئەوکات دەست بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە بکرێ. ئەگەریش دەرکەوت کە توخمێکی تاوانکاری لە سکاڵای سکاڵاکار یان ئەو زانیارییانەی کە پێشکەش دەکرێن بوونی نییە، ئەو کات پێویستە سکاڵاکە ڕەتبکرێتەوە و لێکۆڵینەوەکە بەپێی بڕگەکانی مادەی (١٣٠ /أ) وە (١٨١ /أ)ی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی بۆ هەمیشە دابخرێ یاخود پاڵپشت بە ماددەی (١٨٢ /ب)ـی هەمان یاسا، بڕیار بە بێتاوانی تۆمەتبار بدرێ.

جەمی قسەکان ئەوەیە، پێویستە لە دۆسیەی سزاییدا و لە کاتی گرتنەبەری ڕێکارەکاندا زۆر بە وردی و هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بنەمایە بکرێت، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ، بە دەربڕینێکی دیکە بۆ خۆلادان لە سزادانی کەسێ بەهۆی دانەپاڵی کارێک یان گوفتارێک کە ناچێتە ژێر چەتری هیچ دەقێکی سزاییەوە.

## ٦-٢بنەمای نەگەڕاندنەوەی دەقە سزاییەکان بۆ ڕابردوو

***((نابێ هیچ کەسێ لەبەر کردن یان نەکردنی کارێک تاوانبار بکرێ کە بە پێی یاسای نیشتیمانی یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی کردن یان نەکردنەکەدا تاوان نەبووبێ، هەروەتر نابێ سزایەکی توندتر لەوەی کاتی تاوانەکە بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێ))***

ماددەی (٢/١١)ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

***((نابێ هیچ کەسێ لەبەر کردن یان نەکردنی کارێک تاوانبار بکرێ کە بە پێی یاسای نیشتیمانی یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی کردن یان***

***نەکردنەکەدا تاوان نەبووبێ، هەروەتر نابێ ســــزایەکی توندتر لەوەی کاتی تاوانەکە بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێ بکرێ ...))***

ماددەی (١/١٥) پەیماننامەی نێودەوڵەتی
مافە مەدەنی و سیاسییەکان

***((یاســای ســزادان کاری پێناکرێت بۆ پێش کــاتی دەرچوونــی مەگەر بۆ تاوانبار وا باشتر بێت)).***

ماددەی (١٠/١٩)ی دەستووری کۆماری ئێراق

مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە کە دەقە سزاییەکان بۆ ڕابردوو ناگەڕێنەوە، واتە نـاســـەپێنرێن بەســـەر ئەو ڕووداوانەی پێش ئەوەی یاســاکە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە ڕوویانداوە. کەواتە ئەم بنەمایە ڕێگریکردنە لە یاســــادانەر لە بە تـاوان نـاســــاندنی کردەوەکـان بە یاسایەکی دواتر.

ئەم بنەمــایە یەکێکە لە گەرەنتییە گرنگەکــان بۆ دادگایی دادپەروەرانە، لەبەر ئەوە بەر لەوەی بنەمایەکی نێوخۆیی بێـت، بنەمـایەکی نێودەوڵەتییە. لە مـاددەی ( ٢/١١ )ـــــی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (١/١٥)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و چەندان بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دیکەدا

دەقنووس کراوە. لەسەر ئاستی یاسا نیشتیمانییەکان، لە دەستووری ئێراق (٢٠٠٥) و مـــــــاددەی (٢)ـی یاسای ســــــزادانی ئێراقی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٩دا جێگیر کراوە. بۆیە ئەگەر یاســـــایەک دەرچوو ئەم بنەمـایەی پێشـــێل کرد، ئەوا بەشـــێوازێکی گشـــتی دادوەر دەبێت خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بپارێزێت .

بەڵام ئەگەر یـاســـــا نوێیەکە لەبـارتر بوو بۆ ئەو تۆمەتبارەی کە هێشتا بڕیاری یەکلاکەرەوەی بنەبەستی بۆ دەرنەچووە سـەبارەت بەو تاوانەی کە پێش جێبەجێ بوونی یاسا نوێیەکە ئەنجامی داوە. پێویستە ئەو یاسایە نوێیەی بەســـــەردا بســـــەپێ کە بۆ تۆمەتبار لەبارترە، چونکە یاسا نوێیەکە پێگەیەکی یاسایی لەبارتر و باشتر بەراورد بە یـاســــــای کـارپێکراو لە کـاتی ئەنجـامـدانی ڕەفتارە تاوانکارییەکەدا بۆ تۆمەتبار دەهێنێتە ئاراوە.

# بەشی حەوتەم

## مافی قەرەبووی قوربانییانی دادوەریی

***((هەر کەسێک بە نایاسایی ڕاگیرابێ یان دەستبەسەرکرابێ مافی وەرگرتنی قەرەبووی هەیە))***

مادەی (٥/٩) پەیماننامەی نێودەوڵەتی
مافە مەدەنی و سیاسیەکان

***((ئەگەر کەسێک بە بڕیارێکی بنبڕی کۆتایی تاوانێکی بەسەردا سەپا، پاشان تاوانبارکردنەکە هەڵوەشایەوە ... ئەو کەسە لە ئاکامی ئەو حوکم و سزادانەدا زیانی پێگەیشت، دەبێ بەگوێرەی یاسا قەرەبوو بکرێتەوە ...))***

مادەی (١٥/٦) پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان

یەکێک لەو کێشانەی لە بواری دادوەریدا ڕوودەدات، بابەتی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لە پای لیکۆڵینەوە و دادگاییدا دوچاری ڕاگرتن یان سزا دەبنەوە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە بە نارەوا ڕاگیراون یان سزادراون.

سەبارەت بە یاساکانی هەرێم کوردستان بەگوێرەی یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠١٠ دەستبەسەرکراو و ڕاگیرا و سزادراو مافی ئەوەیان هەیە داوای قەرەبوو بکەن.بەڵام بۆ وەرگرتنی قەرەبوو چەند مەرجێکی یاسایی هەن. ئەوانیش کە بریتین لە:

- بۆ هەردوو باری دەستبەسەرکردن و ڕاگرتن دەبێت ئەو کەسەی داوای قەرەبوو دەکات بە شێوەی نارەوا (تعسفی) دەستبەسەر کرابێت یان ڕاگیرابێت یان ڕاگرتنەکەی لە ماوەی یاسایی تێپەریکردبێت.

- بەڵام سەبارەت بە ئەوانەی حوکمدراون، بۆ ئەوەی بتوانێت داوای قەرەبوو بکات، پێویستە جۆری سزاکە لە جۆری کۆتی ئازادی (مقيدة للحرية) بێت و دوای سزادانەکە بڕیار دەرچووبێت بە ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایەی کە لەسەری تۆمارکراوە یان بە پاکی تۆمەتبار یان بە ئازادکردن(الافراج)، مەرجیشە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرگرتبێت. لەوەش بترازێ دەبێ بڕیاری سزاکە لەلایەن دامەزراوەیەکی دادوەری تەرخانەوە درابێت.

گرنگە بزانین لەم بارانەدا مافی قەرەبوو نییە:-

- ئەگەر سزاکە سزای گوژمە پارە بوو، چونکە لەم جۆرە سزایەدا حوکمدراو ئازادی کۆت نەکراوە.

- ئەگەر سزای تاوانەکە لەسێدارەدان بوو، چونکە لەم سزایەدا تۆمەتبار مافی ئازادبوونی بە بارمتە نییە و تا دوا بڕیاری دادگا بە ڕاگیراوی دەمێنێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین، بەپێی یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠١٠ ڕێکارەکانی داوای قەرەبوو بەم شێوەیە ئەنجامدەدرێن: سەرەتا بەپێی یاساکە داواکار مافی داواکردنی قەرەبووی مادی و مەعنەوی هەیە، بۆ داواکردنی قەرەبوو کەسی خاوەن ماف داواکاریەک پێشکەش بە دادگای تێهەڵچوونەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی یان دەستبەسەرکردنی یان ڕاگرتنی یان حوکمدانی دەکات. بەپێی یاساکە لەم دادگایە لیژنەیەک لە سەرۆکی دادگا و دوو ئەندام پێکدەهێنرێت، لیژنەکە تەخانە بە بینینی داوکاریی قەرەبوو، بڕیارەکانیشیان لەبەردەم دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان شیاوی تانەلێدانە.

**--- کۆتایی ---**

# بڵاوكراوەكانی ناوەند

## ڕێبەرەكان

- ڕێبەری یاسای پێكدادانی چەكداریی تایبەت بە پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان

**نووسین: د عیباد ڕوحی- د. ئاوارە حسێن- هاوڕێ ئەحمەد**

- ڕێبەری ئازادیی ئایین و باوەڕ لە هەرێمی كوردستان

**نووسین: د. ئاسۆس نامیق- داستان عەبدولڕەحمان**

- ڕێبەری دادگایی دادپەروەرانە لە هەرێمی كوردستان

**نووسین: ناوەندی كوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی**

- ڕێبەری یاسادانی لە هەرێمی كوردستان

**نووسین: د. هێڤی حەسەن- د. حەسەن مستەفا- د. محەمەد ڕەشید**

- ڕێبەری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ كوردستان

**نووسین: د. محەمەد ڕەشید- د. شیراز ئیبراهیم- د. ئانی پیوس**

## توێژینەوەكان

- تاوانی جینۆساید لە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەكاندا

**نووسین: هاوڕێ ئەحمەد**

- دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگری دەستەجەمعی

**نووسین: سەركەوت جەلیل**

- بەناوخۆییكردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە كوردستان

**نووسین: د شیراز ئیبراهیم و د. محەمەد ڕەشید**

- بەربەست و ئاستەنگی بەردەم بەهێزبوونی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان

**نووسین: د عیباد ڕوحی- د. ئاوارە حسێن- هاوڕێ ئەحمەد**

## وەرگێڕانەکان

- پەیماننامەی سێیەمی جنێف
- پەیماننامەی چوارەمی جنێف
- بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی
- پێکهاتەکانی تاوان لە بنەڕەتنامەی ڕۆما
- دەربارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی
- مافی یەکسانیی بەردەم دادگاکان و دادگایی دادپەروەرانە
- مافی منداڵان لە سیستەمی دادپەروەریی منداڵاندا
- کردە زیانبەخشەکان
- دەستڕاگەیشتنی کەمئەندامان بە دادپەروەری
- توندوتیژیی جێندەریی دژی ژنان
- چەند ڕامانێک تایبەت بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش
- دەستڕاگەشتنی ژنان بە دادپەروەریی
- ڕەوشی ژنان لە پێشگیری ململانێ و کاتی ململانێ و پاش ململانێی چەکداریی